# ئالْینگارییەکانی بەردەم ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پاش ٢٠٠٥

م.د.جلیل عمر علی
https://doi.org/10.17656/jlps.10341
کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان.
م.د.کارزان محمد قادر
کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان.

بوختة

ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی کورتی هەیە سەرەتای ڕاستەقینەی دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٩)، وەک دەرەنجامی کۆمەڵێک هۆکار لەوانە: (بەربڵاوی گەندەڵی، دەستاودەست نەکردنی دەسەڵات، ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان، سەروەرنەبوونی یاسا، دوو ئیدارەیی و میراتی دەسەڵات).

بە ئامانجی کەمکردنەوە یاخود بنبڕکردنی ئەم هۆکارانە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دروستبوون، بەڵام خودی ئەم پارتانە تووشی چەندین ئالێنگاری قورس بوونەتەوە کە ڕێگرن لەگەیشتن بە ئامانجەکانیان لەوانە؛ ئالْێنگارییە خودییەکانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، کە پێکهاووە لە ئالْێنگارییەکانی وەک: پێکهاتەکەیان، بڕوانەبوون بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات، دابەش بوونی ناوخۆیی و وازهێنانی ئەندامان، کێشە و گرفتی دارایی، نەبوونی پشوو درێژی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و ڕەچاوکردنی دۆخی هەرێمی کوردستان. ئەمە سەرەڕای ئالێنگاری پەیوەست بە پەیوەندی نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان خۆیان، لەگەڵ ئەو ئالْینگاریيانەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی دروستیدەکەن.

کلیلە وشەکان: هەرێمی کوردستان، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، دەسەڵات، ئالْینگاری، ئامانج، چاکسازی.

## التحديات التي تواجه المعارضة السياسية في إقليم كردستان بعد عام ٢٠٠٥

**د. جليل عمر علي**
**كلية العلوم السياسية**
**د. كارزان محمد قادر**
**كلية العلوم السياسية**

**الخلاصة**

المعارضة السياسية في اقليم كوردستان لديها تأريخ قصير، حيث أن ظهورها الحقيقي تعود الى عام (2009)، كما أن ظهورها تعود لأسباب عدة، أهمها: (تفشي أو شيوع الفساد المالي والإداري، عدم تداول السلطة، حدوث خروقات وتزويرات في الإنتخابات، غياب سيادة للقانون، ثنائية الإدارة و توريث السلطة).

من اجل تصحيح مسار الحكم و تذليل تلك الأسباب ظهرت الأحزاب المعارضة في اقليم كوردستان، مع ذلك أن المعارضة السياسية بدورها واجهت تحديات وصعوبات عدة، أدت الى منعهم من تحقيق الأهداف التي من أجلها تشكلت، بعض منها تتعلق بالأحزاب المعارضة نفسها، مثل: تكوينهم الحيزبي، وغياب تداول السلطة داخل الأحزاب المعارضة نفسها، والانقسام الداخلي والإنشقاقات الحزبية، والمشاكل المالية، والتسرع في تحقيق الأهداف دون تهية الإمكانة والظروف الملائة لتحقيق تلك

الأهداف، فضلاً عن عدم اخذ الوضع الخاص لاقليم كوردستان بنظر الإعتبار. اضافة إلى التحديات التي تتعلق بالعلاقة بين الأحزاب المعارضة نفسها، والتحديات التي اوجدها السلطة السياسية لهذه الأحزاب.

الكلمات المفتاحية: إقليم كردستان، أحزاب المعارضة، السلطة، التحدي، الهدف، الإصلاح.

Challenges facing the political opposition in the Kurdistan Region after 2005

Dr. Jalil Omar Ali
College of Political Science.
Dr. Karzan Mohammed Qadir
College of Political Science.

**Abstract**

The political opposition has a short history in the Kurdistan Region, its real emergence dates back to the year (2009) which many causes led to emerging it, including: the spread of corruption, lack of transfer of power peacefully, electoral fraud, the absence of the rule of law, the existence of two administrations and political dynasty .

In order to reduce or uproot these reasons, opposition parties were created, but these parties faced many challenges that prevented them from achieving their goals .

The challenges including: the formation and structure of the parties, lack of belief in the transfer of power, internal divisions, absence of a coherent strategy to unite members, financial problems and they rush to achieve their goal and do not have a policy for long term strategy. Additionally, the reality and context of Kurdistan Region, has not been taken to consideration by these parties .

Moreover, there are other obstacles and challenges which are being created by the ruling parties for the opposition parties to operate.

Keywords: Kurdistan Region, Opposition Parties, Power, Challenge, Goal, Reform.

پێشەکی:

پاش روخاندنی ڕژێمی پێشوو لە عێراق لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و داڕوخانی سیستمی سیاسی لەساڵی (٢٠٠٣)، هەوڵی دوبارە بنیاتنانەوەی ئەم دەوڵەتە درا لەسەر بنەمای دیموکراسی و ئەو گۆڕانکارییە ریشەییەی بەدوای خۆیدا هێنای، هەرێمی کوردستانیش وەک دیفاکتۆیەک کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) بەدەرنەبوو لە گۆڕانکارییەکانە، و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان هیوای گەورەیان هەبوو بە ئایندەیان و دروستبوونی سیستمێکی دیموکراسی کەببێتە مایەی سەقامگیری و گەشەپێدانی ئەم هەرێمە و گواستنەوەی بۆ قۆناغێکی پەرەسەندوتر کە بگونجێت لەگەڵ بارودۆخە نوێکەدا بەتایبەت پاش جێگیربوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە دەستوری عێراقدا ساڵی ٢٠٠٥، ئەوەش ڕێگەی خۆش کرد بۆ شێوازێکی نوێی کاری پارتی سیاسی و هەندێک لەو پارتە سیاسیانە ڕێچکەی ئۆپۆزسیۆنیان هەڵبژارد لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا. بەڵام پاش زیاتر لە (٢٠) ساڵ بەسەر ئەو گۆڕانکاریانەدا زۆرێک لە خوێندنەوەی جیاواز هاتە ئاراوە سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەری ئەو پارتانەی وەک ئۆپۆزسیۆن خۆیان بەیان دەکرد لە حکومەتە جیاوازەکاندا. هەروەها دەرکەوتنی چەندین فاکتەر کە ڕۆڵیان لە دیاریکردنی جوڵە و چالاکییەکانی ئەم پارتانەدا هەبووە و هەیە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی یاخود دەرەکی.

پارتە ئۆپزسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی سێ جۆر لە ئالێنگاری بوونەوتەوە و پۆلێن کراون لە چوارچێوەی ئالێنگارییە خودییەکان کە خۆی لە ناکۆکی ناوخۆیی و پێکهاتەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و بڕوانەبوون بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات و

دابەش بوونی ناوخۆیی و وازهێنانی ئەندامان و کێشەی دارایی و نەبونی پشوو درێژی و لە کۆتایشدا ڕەچاوکردنی دۆخی کوردستان وەک بیانوویەک بۆ نەبینینی ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز کە کێبرکێی دەسەڵاتی سیاسی بکات تا خۆی وەک بەدیل بناسێنێت و شوێنی بگرێتەوە.

جگە لە ئالێنگارییە خودییەکان هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان ئالێنگارییەکی تر بەرۆکی گرتوون ئەویش پەیوەندی نێوان ئەم پارتانەیە، ئەگەر لە ساڵانی نێوان (٢٠١١-٢٠١٣) ساتەوەختی کاری پێکەوەیی هیزە ئۆپۆزسیۆنەکان بێت لە چوارچێوەی پاکێجی هاوبەشدا، ئەوا وردە وردە و پاش ئەو زەمەنە ئیتر ئەم هێزانە بەگشت وەک نەیار هەڵسوکەتیان لەگەڵ یەکتر کردووەو متمانە لە نێوانیاندا لاوازە، بەڵکو زۆرجار هێرشتی توندیان بۆسەر یەکتری بووتە بەشێک لە پرۆسەی بانگەشە و بەدەستهێنای دەنگ لەسەر حسابی یەکتر.

بەشی سێیەمی ئالێنگارییەکان پەیوەستن بەو ڕێگریانەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دروستی دەکات بەهۆی نەبوونی دەستورێک کە سنوری دەسەڵات و پەیوەندیان ڕێکبخات، هەروەها بەکارهێنانی ئامرازی سزادان دژ بەپارەت نەیارەکانیان و سنوردارکردنی چالاکیان، کۆنترۆڵ کردنی ئامرازەکانی هێزی سەربازی و دارایی لە دەست هەردوو پارتی دەسەڵاداری هەرێمی کوردستان.

ئەمانە و چەندین ئالێنگاری تر ڕوبەڕووی ئەو هێزانە بوونەتەوە کە بە ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان خۆیان دەناسێنن و لە توێژەنەوەکەدا بە وردی ئاماژەیان پێکراوە

- گرنگی توێژینەوە:

ئۆپۆزسیۆن واقعێکی کۆمەڵایەتی – سیاسییە بوونی لەهەموو کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان هەیە بەو پێیەی بوارێکی سیاسی گشتییە کە ئەرکی نێوەندگیرییە لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا. ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ڕۆڵێکی گرنگی لە سیستمی سیاسیدا هەیە، ئەو بابەتانەی کە گرنگی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن زیاتر دەکات بریتیە لە هەبوونی ئۆپۆزسیۆن وەک پێداویستی هەبوونی دیموکراسی، ئالێنگاری و ئاستەنگەکانی بەردەم ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پرسیار دەخاتەسەر خودی بوونی دیموکراسی، گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی گرنگترین ئەو ئالێنگاریانەی ڕوبەڕووی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دەبێتەوە لە هەرێمی کوردستاندا .

- ئامانجی توێژینەوە:

ململانێی ئاشتییانە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات لەلایەن هێزە سیاسییەکان گونجاوترین ڕێگەی دیموکراسییە، لە کوردستانیش وێرای بوونی چەند پارتێکی سیاسی لەدەسەڵاتدا بە تایبەت (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، چەند پارتێکی سیاسی تر ڕێچکەی ئۆپۆزسیۆنیان هەڵبژاردووە، بەڵام نەیانتوانیوە بەهۆی بوونی ئاستەنگەوە سەرکەوتووبن لە ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی فەرمانڕەواییدا. لەم توێژینەوەدا ئەو ئالێنگاری و بەربەستانە دەخرێنەڕوو کەبوونەتە ڕێگر لەبەردەم پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لە گەیشتن بەو ئامانجانەی بانگەشەی بۆ دەکەن.

- گریمانەی توێژینەوە:

توێژینەوەکە سەرچاوەی گرتووە لەو گریمانەییەی کە دەڵێت "وێڕای بوونی پارتی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهۆی ئاستەنگی خودی و بابەتییەوە نەیانتوانیوە دەسەڵات بگرنە دەست  یان ڕێچکەی حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستان بگۆڕن بەرەو ئاراستەیەکی باشتر".

لە پێناو سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە یاخود ڕەد کردنەوەیدا، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دراوە:

– ئۆپۆزسیۆن سیاسی چییە و چۆن و کەی لە هەرێمی کوردستان سەری هەڵداوە و بەچی جیادەکرێتەوە؟
– ئەو ئالێنگارییانە کامانەن ڕووبەڕووی کاری سیاسی پارتی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان دەبێتەوە؟

- میتۆدی توێژینەوە:

لە پێناو نزیکبوونەوە و گەیشتن بەڕاستییەکان و لێکۆڵینەوە لە گریمانەی توێژینەوەکە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، توێژینەوەکە سەرەڕای پشتبەستن بە میتۆدی (وەصفی و مێژوویی) لە پێناو گواستنەوەی ڕاستییەکان وەکخۆی و سودبینین لێیان؛  پشتی بە هەردوو میتۆدی (شیکاری سیستمی) و (ئیندێکتیڤ – ڕیالیزم "الاستقرائية – الواقعية") بەستووە تا بتوانێت شیکارییەکی تەندروست بۆ پێدراوەکان بکات، هەروەها ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی دیاری پارتە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکان وەک ئامڕازێکی پێویست بۆ گەیشتن بەو زانیاریانەی هەنوکەین و ناتوانرێت لەسەرچاوکانەوە بەدەستبخرێن.

- پەیکەری توێژینەوەکە :

جگە لە پێشەکی و دەرەنجامەکان توێژینەوەکە لە سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە بەم شێوەیە. باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە چەمکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و سەرهەڵدانی لە هەرێمی کوردستان لە دوو تەوەرەدا، تەوەرەی یەکەم باسکردنە لە چەمکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، بەڵام تەوەرەی دووەم تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەهەرێمی کوردستان.

لە کاتێکدا باسی دووەمی توێژینەوەکە راڤەی شەرعیەت و ئامانجەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دەکات لە دوو تەوەرەدا، تەوەرەی یەکەم لێکۆڵینەوە لە شەرعیەت و بوونی یاسای ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان. لەکاتێکدا تەوەرەی دووەم تەرخانکراوە بۆ ئامانجەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

باسی سێیەم و کۆتای توێژینەوەکە بە ناونیشانی پۆلێنکردنی ئالێنگارییەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، لە سێ تەوەردا رێکخراوە. تەوەرەی یەکەمیان شیکارییە بۆ ئاڵێنگارییە خودییەکانی تایبەت بە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان. پاشان لە تەوەرەی دووەم لێکۆڵینەوە لە ئاڵێنگاری پەیوەست بە پەیوەندی نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان کراوە. بەڵام تەوەرەی سێیەم و کۆتایی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ ئاڵینگارییەکانی دەسەڵاتی سیاسی.

## باسی یەکەم

## چەمکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و سەرهەڵدانی لە هەرێمی کوردستان

ئۆپۆزسیۆن بەشێکی دانەبڕاوی سیستمە سیاسییە دیموکراسییەکانە، لە هەمان کاتدا هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان جیاوازن بەپێی جیاوازی سیستمەکە و  خودی سروشتەکەی. بەڵام هەبوونی ئۆپۆزسیۆن و فراوانبوونی و بەرتەسکبوونەوەی وەستاوە لەسەر سروشتی سیستمە سیاسیەکە، سیستمی دیموکراسی بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دروستنابێت، هەربۆیە بواری کارکردنی

دەدات و لەگۆڕەپانی سیاسی ئازادانە چالاکیەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت، بەپێچەوانەوە لە سیستمی نادیموکراسی ڕێگە بە ئۆپۆزسیۆن نادرێت و کار بۆدورخستنەوە و لاوازبوونیان دەکات و بەڵکو هەوڵی لەناوبردنیان دەدات. لەسەر ئەم بنەمایەی سەرەوە باس لە چەمکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و سەرهەڵدانی دەکەین لەهەرێمی کوردستان لە دوو تەوەرەی سەرەکیدا:

**تەوەرەی یەکەم: چەمک و پێناسەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی:**

ئۆپۆزسیۆن کایەیەکی سیاسی گشتیە و ئەرکی نێوەندگیرییە لەنێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی (حکومەت)، پاڵپشت بەدەستوور کاردەکات، ئەو پارتانەی لەرێگەی هەڵبژاردنەوە نەیانتوانیوە بگەنە دەسەڵات، دەتوانێت وەک ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ڕۆڵی خۆیان ببینن وەک بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی سیاسی.

ئاسان نیە بتوانین پێناسەیەکی گشتگیر و ورد بکەین بۆ ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بەهۆی جیاوازی بۆچونەکانەوە، ئەمەش ڕێگا خۆشدەکات بۆ هەمەچەشنی پێناسەکردن بۆ ئۆپۆزسیۆن.

دەرکەوتنی چەمکی ئۆپۆزسیۆن وەک دەربڕین و هێزێکی سیاسی بەستراوەتەوە بەدەرکەوتنی دیموکراسی ناڕاستەوخۆ لە ئەوروپا لە ساڵی (١٨٢٦) ، بەتایبەت لە شانشینە یەکگرتوەکان. لە زانستی سیاسەتدا دادەنرێت بە چەمکێکی نوێ. تایبەت بە زاراوەی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت لەسەر سێ ئاست پێناسە بکرێت لەسەر بنەمای وەسفکردن: وەک دۆخ (حالە)، پەیوەندی، ئەرک.[1]

1 .ئۆپۆزسیۆن وەک دۆخ؛ ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەمینەیەکی هەڵبژێردراو کەپەیوەستە بە زۆرینە لەڕێگەی دانپێدانان بەیەکتر، کەزۆرینە مافی بڕیاردانی هەیە، بەرامبەر بە دانپێدانانی زۆرینە بەکەمینە کە مافی هەیە لەدەربڕینی نارەزایی لەرێگەی دژایەتیکردنی ئەو پرۆژانەی پێشکەش دەکرێن.

2 .ئۆپۆزسیۆن وەک پەیوەندی؛ زیاتر پەیوەستە بەسروشتی پەیوەندیەکەی لەگەڵ حکومەت. بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە پەیوەندییەک بەناونیشانی پاڵپشتینەکردنی حکومەت. بەوپێیەی ئۆپۆزسیۆن هەموو ئەو پێکهاتە سیاسییانە لەخۆدەگرێت کەلە پەرلەماندا بونیان هەیە، و پشتگیری سیستمەکانی دەسەڵات ناکەن.

3 .بەڵام وەک ئەرک؛ هانماندەدات بۆ گرینگیدان بەئەرکەکانی لەناو سیستمی سیاسیدا، بەم شێوەیە ئۆپۆزسیۆن بەستراوەتەوە بە تۆڕێک لەچەمکی وەک نوێنەرایەتی، فرەیی سیاسی، نۆرەیی (تناوب) لەرێگەی سنوردانان و چاودێریکردنی دەسەڵات.

بەگشتی لە زۆربەیی سیستمە دیموکراسییەکان، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دەچنە پرۆسەی هەڵبژاردن و کێبرکێوە لەگەڵ پارتەکانی دەسەڵات، و هەڵدەستن بە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت، یان کاردەکەن لەناو سیستمی سیاسی و فشار دەکەن بۆ گۆڕینی سیستەمەکە یان شێوازی فەرمانڕەوایی کردن.

چەمکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ بوونی دیموکراسی و فرەیی سیاسی، وە بونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کارا لەهەر کۆمەڵگەیەک ئاماژەیە بۆ بوونی فرەیی سیاسی ڕاستەقینە.

---

[1] بوتاقی طارق: مركز المعارضه فى النظام السياسى والدستورى المغربى على ضوء دستور ٢٠١١، مجلة المنارة للدراسات القانونية و السياسية، ڕێکەوتی سەردانکردن: ٢٠٢٥/٢/١٠، بەردەسە لەسەر پێگەی المناره بەم بەستەرە: https://n9.cl/hvzkl

یەکەم کاریگەری ماناداری ئۆپۆزسیۆن پێویستە ببەسترێتەوە بە شێوازێک لە شێوازەکانی سیستمی سیاسی کە ژیانی سیاسی دابەشکردووە بۆ دوو لایەن یەکێکیان لە دەسەڵاتدایە و پێی دەوترێت حکومەت وە دووەمیان لەدەرەوەی دەسەڵات پێی دەوترێت ئۆپۆزسیۆن، واتای ووشەکە بۆ ئەو گروپەیە کە لەدەرەوەی دەسەڵاتە جا هەر شێوەیەکی هەبێت، وەک پارت، یان بزوتنەوەیەک، یان کۆمەڵێک وە ئەو واتایە دەربڕینێکە بۆ هێزێکی دژ یان دەسەڵات ڕەتبکاتەوە.[١]

لەچوارچێوەی سیستمی سیاسی دا ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بە دوو واتا دێت:[٢]

1 .واتای مادی بابەتی: چالاکییەکە ئەنجامدەدرێت بەمەبەستی چاودێریکردنی حکومەت و ڕەخنەلێگرتنی و ئامادەی چارەسەرە و دەیەوێت دەسەڵات بگرێتە دەست.

2 .واتای الشكلی العضوی: باس لەو دەستانەیە (هێزانەیە) کە چاودێری حکومەت دەکات و ڕەخنەی لێدەگرن و ئامادەی چارەسەرە بۆشوێنگرتنەوەی.

(اسماعیل الشطی) پێناسەی ئۆپۆزسیۆن دەکات بە "پارتێک کە خاوەنی پرۆگرامێکی کاری حکومییە و شکستی هێناوە لە زۆرینەی پەرلەمانی، بەڵام بەردەوامە لە هەوڵدان لە ڕێگەی ئامرازە دەستورییەکان بۆ دەرخستنی کەموکورتییەکانی پرۆگرامی پارتی زۆرینە و بەردەوام چاودێری ئەدائی حکومەت دەکات، و هەوڵی بەدەستهێنان و زیادکردنی هەوادار و لایەنگر دەدات بۆ بۆچوون و دنیابینی و بەنامەکانی".[٣] (روبرت دال) دەڵێت ئۆپۆزسیۆن بریتیە لە "ڕەخنەگرتن لە ڕەفتاری حکومەت و بەرپەرچدانەوەی، ئەوەش پارتە سیاسیەکان دەیکەن"[٤].

ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بریتیە لە "ئەو ئازادییەی کە بەپێی دەستوور دەبەخشرێتە پارتێک یان پارتەکانی دەرەوەی دەسەڵات، و مومارەسەی چالاکییە سیاسییەکانی دەکات کەخۆی دەبینێتەوە لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەڕێگەیەکی شەرعی و یاسایی، بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی ڕێچکەی سیستمی حوکمڕانی لە دەوڵەتدا".[٥]

لێرەدا پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە ئایا شوێنی کاری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کوێیە؟ بەگشتی پەرلەمان ئەو دامەزراوەیە کە شوێنی کاری سیاسی ئۆپۆزسیۆنە بۆ نوێنەرایەتی کردن، و لەڕێگەی پارتی سیاسیەوە، بەوپێیەش پەرلەمان ئەو مینبەرەیە کە ڕێگە دەدات پارتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ڕەخنە لە کاری حکومەت بگرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن و داوای لێسەندنەوەی متمانەی لێبکەن.

---

[١] نیفین عبدالخالق مصطفى، المعارضة في الفكر السياسي الاسلامي، مكتبه الملك فيصل الاسلاميه، قاهرة، ١٩٨٥، ص١٢.

[٢] د.طه عمر رشيد، الاساس القانوني لحق المعارضة السياسية – العراق نموذجا، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠١، ص٢٠.

[٣] اسماعيل الشطي، في مناقشة المعارضة والسلطة في الوطن العربي، ازمة المعارضة السياسية العربية، تحرير: عبدالاله بلقزيز، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠١، ص١١٣.

[٤] درهم محسن احمد، دور المعارضة اليمنية في الاستقرار السياسي ٢٠٠٣-٢٠٠٨ (احزاب اللقا المشترك: دراسه حالة)، رسالة ماجستر منشورة، معهد بيت الحكمة، قسم العلوم السياسية، ٢٠٠٩، ص٦، متاح على موقع المنارة للاستشارات على الرابط الالكتروني: https://www.manaraa.com/BooksCategory/346/2/31

[٥] د.شاكر عبدالكريم فاضل، غياب المعارضة البرلمانية واشكالية الديمقراطية التوافقية في العراق، مجلة العلوم القانونية والسياسية، كلية القانون والعلوم السياسية، جامعة ديالى، ديالى، العدد (٢) ٢٠١٣، ص٩١.

دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بونی هەیە بەشێوەیەکی فەرمی و یاسایی لەدەرەوەی پەرلەمان، یان ئۆپۆزسیۆنی سیاسی هەیە کاردەکات لەناوخۆی وڵات بەڵام بەشێوەیەکی نهێنی لەترسی چاودێریکردنی دامودەزگاکانی حکومەت، یان ئۆپۆزسیۆنی سیاسی هەیە لەترسی دامەزراوەکانی حکومەت وڵاتیان بەجیهێشتوە و لەدەرەوە کار و چالاکی دەکەن بەهۆی توندوتیژی دامەزراوەکانی حکومەتەوە. چونکە حکومەت ڕیگای کارکردنیان پێنادات و هەموو ئامرازێک بەکاردەهێنیت بۆ لەناوبردنیان. بۆیە بونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی جیاوازە بەجیاوازی سروشتی سیستمی سیاسی.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دادەنرێت بە پایەیەک لە پایەکانی سیستمی دیموکراسی، هەموو ئەو بزوتنەوە و پارتانە دەگرێتەوە کە دژایەتی و ململانێی ئەو هێزە سیاسییانە دەکات کە لەدەسەڵاتدان وحوکمڕانی دەکەن. هەروەها لە سیستمی دیموکراسیدا بەپێی دەستوور مافیان پارێزراوە و بە ئازادی کار و چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن، بەپێچەوانەوە لە سیستمی نادیموکراسی ڕێگرییان لێدەکرێت و سەرکوت دەکرێن لەلایەن دەسەڵاتەوە.

**تەوەرەی دووەم: سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان:**

هەرێمی کوردستان وەک هەرێمیکی فیدراڵی لە قۆناغی ڕاگوزەردایە بەرەو دیموکراسی، وەهەموو سیستمێکی دیموکراسی پێویستی بە هەبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی هەیە، چونکە ڕێسای دیموکراسی وایە، دیموکراسی ڕاستەقینە بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی نابێت.

دەستپێکی کاری سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی (١٩٩٢) وە، دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو پارتی دەسەڵاتداری گۆڕەپانی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک)و یەکێتی نیشتمانی کوردستان "ی.ن.ک)، کەبەتەواوی باڵادەست بوون بەسەر پرۆسەی سیاسیدا و لەو کاتەدا هیچ پارت و هێزێکی سیاسی تر ئەوەندە بەهێزنەبوون بتوانن کێبڕکێیان بکەن. بەڵام لە ئێستادا زیاتر لە (٣٢) ساڵ بەسەر پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕیوە، گومانی تیدانییە گۆرانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوە و ئەزمونی دیموکراسی هەنگاوی باشی بڕیوە، لەدیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەو بەرەوپێشچوونە بریتییە لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسی و دەرکەوتنی پارتی سیاسی نوێ کەوەک بەرهەڵستکار و چاودێر بەسەر حکومەت ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینن. هەروەها ژمارەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لە گۆڕاندایە بەهۆی ئەو دۆخەی هەرێمی کوردستان پێدا تێدەپەڕێت.

لەپاش ئەو بارودۆخەی بۆ باشوری کوردستان هاتەپێش لەساڵی (١٩٩١) و لەهەڵمەتێکی سەرتاسەری گەلی کورد لەم پارچەیەدا توانی ڕاپەڕینی جەماوەری ئەنجام بدات و زۆرێک لەخاکی باشوری کوردستان بگەڕێنێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، هەروەها کۆڕەوی هاوڵاتیانی کوردستان لە هەمان ساڵدا بووە هۆی ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری (٦٨٨) لە (١٩٩١/٤/٥) بۆپاراستنی خەڵکی مەدەنی دەربکات، حکومەتی عیراقیش بەناچاری بڕیاریدا دامودەزگاکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان بکشێنێتەوە ئەوەش بووە هۆی بۆشایی یاسایی و ئیداری لە هەرێمی کوردستان. ئەنجومەنی سیاسی لە هەرێم بەناوی (بەرەی کوردستانی) بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاسیی وئیدارییە بڕیاریدا بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی، و

خەڵكی كوردستان بەگەرمی بەشداریان كرد و رویان لە سندوقەكانی دەنگدان كرد لە (١٩٩٢/٥/١٩).[١] پارتە سیاسییەكان لەڕێگەی (٧) لیستی جیاواز و لەگەڵ ئاشورییەكان بە (٤) لیست بەشداری هەڵبژاردنیان كرد، بەڵام بۆ بەدست هێنانی كورسی پەرلەمانی و بەپێی یاسای هەڵبژاردن دەبێت هەر لیستێک (٧٪) ی دەنگەكان بەدەستبهێنێت بۆئەوەی كورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێت.[٢] و لە دەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنەدا و ڕێكەوتنی نێوانیان هەردوو پارتی سەركەوتوو (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) كورسییەكانی ئەنجومەنی نیشتیمانیان دابەشكرد و تەنها (٥) كورسیان بە ئاشوریەكاندا و هیچ لیستێكی تر بەهۆی یاسای هەڵبژاردن نەیانتوانی كورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت، و یەكەم حكومەت بەسەرۆكایتی (د.فواد معصوم) دەست بەكاربوو، وە هیچ هێزێكی ئۆپۆزسیۆن لە ئەنجومەنی نیشتمانی دروست نەبوو.[٣] واتە یەكەم كابینەی حكومەتی هەرێم لەدوای هەڵبژاردنی گشتی، بەهاوبەشی هەردوو پارتی سیاسی براوە پ.د.ک) و (ی.ن.ک) پێكهێنرا و هەموو پۆستەكان لەنێوانیان دابەشكرا و یاسای هەڵبژاردنیش ڕێگربوو لەبەردەم ئەو پارتە سیاسیانەی كە نەیانتوانیبوو ڕێژەی (٧٪) ی دەنگەكان تێپەڕێنن و بچنە ناو پەرلەمان .

لە ساڵی (١٩٩٤) و بەهۆی ململانێی نێوان هەردوو حزبی پێكهێنەری حكومەت، شەڕی ناوخۆ سەریهەڵدا و هەرێمی كوردستان دابەش بوو بۆ دوو زۆنی دەسەڵات (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) ، تا بەپێی ڕیكەوتنامەی واشنتۆن لە (١٩٩٨/٩/١٧) بەسەرپەرشتی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا گەیشتنە ڕێكەوتن و كۆتاییان بەشەڕی ناوخۆ هێنا.[٤] بەڵام جێگەی ئاماژەپێدانە لە ماوەی شەڕی ناوخۆ و چەند ساڵێكیش لەپاش وەستانی شەڕ دوو حكومەت هەبوو، یەكێكیان لە هەولێر و دهۆک بەسەرپەرشتی پارتی و بەسەرۆكایەتی (ڕۆژ نوری شاوەیس) بەهاوبەشی لەگەڵ چەند پارتێكی سیاسی تر وەک (بزوتنەوەی ئیسلامی، یەكگرتوی ئیسلامی،و حزبی شیوعی)، ئەوی تر لە شاری سلێمانی بەسەرپەرشتی یەكێتی و بەسەرۆكایەتی (كۆسرەت ڕەسوڵ علی) و بەبەشداری پارتە هاوپەیمانەكانی وەک (حزبی زەحمەتكێشان، حزبی سۆسیالست)، بەوشێوەیە هەموو پارتەكان بەشداری حكومەتیان كرد و هیچ پارتێک نەمایەوە وەک ئۆپۆزسیۆن.[٥] واتە لەو قۆناغەدا هەموو پارتە سیاسییەكان بەشداربوون لە هەردوو حكومەتەكەی هەولێر و سلێمانی و هیچ هێزێكی ئۆپۆزسیۆن سیاسی بوونی نەبوو، وە ئەو دوو حكومەتییە بەردەوام بوو هەتا ساڵی (٢٠٠٦)و بەپێی ڕێكەوتنێک بڕیاردرا حكومەت یەكبگرێتەوە. بەگشتی لەم قۆناغەدا ئۆپۆزسیۆنی سیاسی كرداری بوونی نەبوو لەگۆڕەپانی سیاسیدا و هەموو پارتە سیاسییەكان بەشداربوون لە حكومەتدا.

---

[١] مێژووی هەڵبژاردن، بەردەستە لەسەر پێگەی پەرلەمانی كوردستان، ڕێكەوتی سەردانكردن: ٢٠٢٥/٢/١٠، بەم بەستەرە: https://www.parliament.krd/about-parliament/history-of-parliament/

[٢] هەمان سەرچاوە.

[٣] خميس دهام حميد، المعارضة فی اقليم كردستان- العراق ودورها فی ترسيخ الديمقراطية، مجلة الدراسات الدولية، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، العدد ٥٧، ٢٠١٤، ص٨٢.

[٤] د.سردار قادر محي الدين و فرهاد جلال مصطفى، بنية الفرصة السياسية فی اقليم كوردستان العراق دراسة احتجاجات الشعبية خلال ٢٠٠٣-٢٠١٢، مجله الدراسات السياسية والامنية، السليمانية، المجلد (٤) العدد(٨)، ٢٠٢١، ص١٣.

[٥] خميس دهام حميد، المصدر السابق، ص٨٤.

لێرەدا پێویستە ئاماژەبدەین بە دووەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە هاوکاتبوو لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق لە ساڵی (٢٠٠٥) لەپاش ڕوخانی ڕژێمی پێشووی عیراق لە ساڵی (٢٠٠٣)، تیایدا پارتی و یەکێتی و یەکگرتوی ئیسلامی بەیەک لیست دابەزین و هەردوو حزبی (کۆمەڵ و زەحمەتکێشان) بەلیستی جیاواز دابەزین،[١] لەدەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنەدا، حکومەتی بنکەفراوانی تەوافقی بەسەرۆکایەتی (نێچیرڤان ئیدریس مصطفی بارزانی) لەساڵی (٢٠٠٦) دامەزرا، و بیرۆکەی تەوافقی لە پێکهێنانی حکومەتدا هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆدروستنەبونی ئۆپۆزسیۆن سیاسی لەو قۆناغەدا.

دوای یەکگرتنەوەی حکومەت و شێوازی فەرمانڕەوایکردن کە کاریگەربوو بە قۆناغی پێشوو لە دوو ئیدارەیی و بەهەدەردانی سامانی گشتی و دابەزینی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان لە بوارەکانی ئاو و کارەبا و پەروەردە و تەندروستی، خراپ ئیدارەدان و بەڕێوەبردن هۆکاربوون بۆ بەرزبونەوەی دەنگی نارەزایی هاوڵاتییان و دەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆن وەک نارەزایی و بەگژداچوونەوەی دەسەڵات لەوانەش سەرەکیترین هێزی ئۆپۆزسیۆن کە دروستبوو بریتی بوو لە بزوتنەوەی گۆڕان بەسەرۆکایەتی کۆچکردوو (نەوشیروان مستەفا ئەمین) کەبەشداری هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٩) کرد و توانی پلەی دووەم بەدەست بهێنێت بە (٢٥) کورسی پەرلەمانی.[٢] بۆیە دەتوانرێت ئەم قۆناغە بە قۆناغی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کردارەکی لەناو باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان دابنرێت و ئەوەش هانی پارتە سیاسییەکانی تریدا هەمان ڕێچکەی ئۆپۆزسیۆن هەڵبژێرن، کەبریتی بوون لە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی. کەواتە دەتوانین بڵێین ساڵی (٢٠٠٩) سەرەتای دروستبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیە لە هەرێمی کوردستان و دواتر ئەم ڕێچکەیە ڕێگەخۆشکەربوو بۆ دروست بوونی هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی نوێ وەک (نەوەی نوێ) لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەم لە ساڵی (٢٠١٨).

لەئێستادا هەرێمی کوردستان دابەش بووە بەسەر دوو بەرەدا، بەرەی یەکەم؛ پێکهاتووە لە هێزە سیاسیە سەرەکیەکانی وەک (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) کە دوو پارتی فەرمانڕەوان لە دروستبوونی یەکەم کابینەی حکومەتەوە، باڵادەستییان سەرچاوەی گرتووە لە مێژووی شۆڕشگێڕیانەوە، خاوەنی پێگەی جەماوەری گەورەن، بەرەی دووەم لەبەرامبەر پارتی فەرمانڕەوا پێکهاتوون لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان کەسەرچاوەی هێزیان وەرگرتوە لەسەر ڕێکخستنە مەدەنییەکان و چەمکی دیموکراسی، کاردەکەن لەسەر بنەڕەتی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و خراپی خزمەتگوزاری و میراتی سیاسی.[٣] کەواتە دەتوانین بڵێین لە یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢) هەتا هەڵبژاردنی سێیەم لە ساڵی (٢٠٠٩) ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەناو پەرلەماندا بوونی نەبووە ، ئەوەش نەنگی بوو بۆ پرۆسەی دیموکراسی کەبەردەوام دەسەڵاتی سیاسی بانگەشەی بۆدەکرد، بەڵام دروست بوونی بزوتنەوەی گۆڕان دادەنرێت بە قۆناغی یەکەمی پرۆسەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کردارەکی لە هەرێمی کوردستان.

---

[١] مێژووی هەڵبژاردنی خولی دووەم ٢٠٠٥، ڕێکەوتی سەردانکردن: ٢٠٢٥/٢/١٠، بەردەستە لەسەر پێگەی پەرلەمانی کوردستان بەم بەستەرە: https://www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/term-2/

[٢] سكالا حسين حمه امين و ئاريان رووف عزيز، النظام السياسي الهجين: دراسة حالة اقليم كوردستان العراق، مجلة جامعة گرميان، السليمانية، العدد ٨، ٢٠٢١، ص١٨٠.

[٣] رستم محمود، آفاق المعارضة في اقليم كردستان العراق، صلابة البنى التقليدية ورهان تفكيك"المناطقية"، سلسلة تقدم حالة، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، ٢٠١١، ص٢.

## باسی دووەم

## شەرعیەت و ئامانجی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

ئەگەر پێمان وابێت شەرعیەت و مەشروعیەت واتە ئەو پێداویستییە یاسایی-کۆمەڵایەتییەی کە هەبوون و نەبوونی شەرعیەتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەسەر وەستاوە. بۆیە لەم باسەدا تیشک دەخەینەسەر شەرعیەت و مەشروعیەتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

**تەوەرەی یەکەم: شەرعیەت و بوونی یاسای ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان:**

سەرەتا بەو پرسیارە دەستپێدەکەین؛ ئایا شەرعیەتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کەی دەستپێدەکات؟ لەوەڵامدا دەڵێین کاتێک دەستپێدەکات کە سیستمی سیاسی نەتوانێت چارەسەری گونجاو پێشکەش بکات بۆ ئەو قەیرانانەی کە وڵات پێیداتێپەڕدەبێت، و شکست دەهێنێت لە بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانی کاتی هەڵبژاردن، لەهەمان کاتدا هاوڵاتیان هەوڵدەدەن لەڕێگەی ئۆپۆزسیۆنە ڕێگەی دەربازبوون بدۆزنەوە کەهەڵگری چارەسەر و بەرنامانەیەکە شایەنی جێبەجێکردنە، بەوەش متمانە و پشتیوانی هاوڵاتیان بەدەست دەهێنێت.[1] لەکاتێکدا مەشروعیەت بەو واتایە دێت، ئۆپۆزسیۆن لەچالاکیەکاندا ملکەچی یاسا بێت و هەموو کارەکانی بەپێی یاسابێت، مەشروعیەت تەنها لایەنە مافی ئەوەی هەیە کە دیاری بکات ئایا ئۆپۆزسیۆن شەرعیەتی هەیە یان نا، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن مافی هەبوون و کارکردنی هەبوو وەتوانی خۆیی و ئەندامان و بەرنامەکانی ئاشکرا بکات ئەوا ئۆپۆزسیۆن شەرعیە، بەڵام ئەگەر ناشەرعی بوو ئەوا بەپێی یاسا ڕێگری کارکردنی لێدەکرێت و لە ئاشکراوە دەگۆڕێت بۆ نهێنی.[2] لەسەر ئەم بنەڕەتە هەڵسەنگاندن دەکەین بۆ کاری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەڕوانگەی شەرعیەت و مەشروعیەت.

شەرعیەتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەتوانرێت بەچەند هۆکار و ڕێگایەک بخریتەڕوو لەوانە:

**یەکەم: بەربڵاوی گەندەڵی:**

گەندەڵی وەک قەیران بوەتە هەڕەشیەکی ترسناک بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە. وەک پەرلەمانتارانی پارتەکانی دەرەوەی دەسەڵات ئاماژە دەدەن بەوەی کە سەدان ملیۆن دۆلار بۆ پرۆژەی حزبی و وپرۆژەی کەرتی تایبەتی نزیک لەبەپرسە باڵاکان و پرۆژەی وەهمی و دابینکردنی موچە بۆ کارمەندی کەرتی تایبەت تەرخان کراوە، کەبونەتە هۆی بەهەدەردانی سامان وداهاتی گشتی.[3] هەروەها توانیویانە دەستبگرن بەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان لەسەرچاوەی سروشتی و دارایی بۆ فراوانکردنی نفوزیان، و بەگشتی قۆرغی پرۆژەی وەبەرهێنانیان کردووە لە هەردوو کەرتی گشتی وتایبەت.[4] بۆ نمونە لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٠) مانگانە نزیکەی (٣٥) ملیون دۆلاریان لە داهاتی گشتی سەرفکردوە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن،

---

[1] د. حافظ علوان حمادي، المعارضة السياسية دراسة تحليلية لشروطها ووظائفها، مجلة جيهان العلمية، السليمانية، المجلد (٢) العدد (١)، ٢٠١٨، ص١٧١.

[2] نفس المصدر، ص١٧١.

[3] محمەد هەریری، گەندەڵستان ( چیرۆکی ئەزمونێکی تێکشکاو لە باشوری کوردستان دا)، چاپی ئەلیکترۆنی، ٢٠١٨، ل ٧٢.

[4] سيما على مهدى، احتجاجات اقليم كوردستان: اسبابها ودواعيها، تقرير لمركز رواق بغداد للسياسات العامه، بغداد، ٢٠٢٠، ل٢.

وەهەر لەو کاتانەدە ڕێژەی خەرجکردن گەیشتۆتە (٥) ملیار دۆلار، کەدەکاتە نزیکەی (٢٠٪) بودجەی گشتی ساڵانەی هەرێم.[١] بەهۆی بەربڵاوی گەندەڵی لەهەرێم کوردستان، هاوڵاتی ئاسایی ناتوانێت پێداویستی خۆی دابین بکات؛ لەبەرامبەردا چینێکی زۆر لەسەرکردە سیاسییەکان دەوڵەمەندبوون و لەبەرزترین ئاستی ژیاندا دەژین،و دەستیان تێکەڵ کردووە لەگەڵ بازرگانەکان و بوونەتە هاوبەشیان.[٢] جگە لەوەی بەڕێگەی نامەشروع بەشێکی گەورەی داهات دەبرێت و بەهەدەردەدرێت.

دیارتین ئەو بوارانەی کە گەندەڵی تێدا دەکرێت لەهەرێمی کوردستان بریتین لە:[٣]

١. دەست بەسەرداگرتنی دامەزراوە و سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات و گومرگەکان.

٢. کەرتی نەوت و گاز و گرێبەستەکانی کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکان.

٣. بردن و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی لەلایەن حزب و بەرپرسان.

٤. دەستبەسەرداگرتنی زەوی کشتوکاڵی و گۆڕینی ڕەگەزی زەوی، زیادەڕەوییەکانی سەر موڵکی گشتی.

٥. بەخشینی پرۆژەی ئابوری و پیشەسازی حکومەت بەکەس و کۆمپانیا حزبییەکان.

٦. پاوانکردنی پرۆژەکانی بواری پیشەسازی، وەبەرهێنان، بازرگانی، گواستنەوە و گەیاندن، نیشتەجێبون، ڕێگاوبان، تەندروستی، پەروەردە، زانکۆ، سوتەمەنی،و کارەبا...هتد.

٧. بەرتیل و واستە و خزمخزمێنە، و نەدانی باج.

٨. دامەزراندنی ناشەرعی و سەرهەڵدانی فەرمانبەری بندیوار.

**دووەم: دەستاودەست نەکردنی دەسەڵات:**

یەکێک لە کێشە بنەڕەتیەکانی پارتەکانی دەسەڵات، بڕوایان بەدەستاودەست کردنی دەسەڵات نییە و هەردوو پارت تائیستا هەڵبژاردەی ئۆپۆزسیۆنیان تاقینەکردۆتەوە و وێنای خۆیان ناکەن لەدەرەوەی حکومەت و پێیان وایە دەرەوەی حکومەت بەواتای کۆتایی دێت.[٤] هەردوو پارتی دەسەڵاتدار ئەزمونیکی تاڵیان هەیە لە ململانێ و شەڕی ناوخۆ، ئەو ململانێ و شەڕەی نێوانیان وایکردوە متمانە بەیەکتر نەکەن، بۆیە ڕەتیدەکەنەوە پاشەکشێ بکەن لەناو حکومەت، و ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینن.[٥] هەردوو پارتی دەسەڵاتدار هەست بەوەدەکەن کە هێز و توانایان بەستراوەتەوە بەبوونیان لەناو حکومەتدا. پێیان وایە دەبێت هەر لە دەسەڵاتدابن وێڕای کەمبونەوەی شەعبیەتیان لە ناو خاڵکدا، وەک چۆن (مەلا بەختیار) ئەندامی سەرکردایاتی پێشوو (ی.ن.ک) دەڵێت "ئەگەر دەنگی ئێمە کەم بکات و چەند کورسیەک بێت و ڕکابەرمان دوو هێندەی ئێمە دەنگ بهێنێت ئێمە هەر لەدەسەڵاتدا

[١] سکالا حسین حمه امین و ئاریان رووف عزیز: مصدر سبق ذکره، ص١٨١.

[٢] رشید عماره الزیدی و د.یوسف محمد صادق، المعارضة السياسية فی اقلیم کردستان-العراق (النشاه والمستقبل)، مرکز العربي للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، ٢٠١٢، ص٢٧.

[٣] گەیلان عباس، گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان (پێناس وفۆرم و شێواز، لێکەوتەو چارەسەر)، بڵاوکراوەی ژوری توێژینەوەکان: سیاسی، ئابوری، ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٢١، ل ٣٤، ٣٥.

[٤] سامان نوح، المعارضة البرلمانية لا وجود لها فی حسابات القوى الكردية، مجلة الرواق، بغداد، العدد (٧) ٢٠٢٢، ص١٢٩.

[٥] د.رشید عماره الزیدی و د.یوسف محمد صادق، مصدر سبق ذکره، ص١٠.

دەبین و حوکم دەکەین چونکە خاوەنی کاریگەری و هێزی چەکدارین".[١] واتە ئامادەنین دەسبەرداری دەسەڵات ببن دەرەنجامی هەلبژاردن هەرچۆن بێت هەر لەدەسەڵاتدا دەبن.

**سێیەم: ساختەکاری لە هەڵبژاردن:**

دیاردەی ساختەکاری هەلبژاردن ڕەگوریشەیەکی دوورودرێژی هەیە هەر لەیەکەم هەلبژاردنی پەرلەمانی بە تەزویرکردن دەستی پێکرد.[٢] هەروەها بەردەوامیدان بەساختەکاری لەهەڵبژاردنەکان، لەگەڵ کڕینی دەنگی هاوڵاتیان،و یاری کردن بەئەنجامی هەلبژاردنەکان بەردەوامی هەیە.[٣] و دوای هەموو هەڵبژاردنێک بەڵگەی ساختەکارییەکان دەخریتەڕوو بەڵام کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕەتیدەکاتەوە. ساختەکاری لەهەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان جێگای مەترسییە و بەچەندین شێواز ئەنجام دەدرێت، وەک:[٤]

1 .زیادکردنی ڕێژەی بەشداربووانی هەڵبژاردن و دەستکاری ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان.
2 .بەشێک لە ئەندامانی پارتە سیاسییەکان زیاتر لەچەندجارێک دەنگ دەدەن.
3 .بەکارهێنانی فشار و هەڕەشە بۆ گۆڕینی ئاراستەی دەنگی دەنگدەر .
4 .بەکارهێنانی سزای سیاسی دەنگدەر .
5 .کڕینی دەنگ لەرێگەی بەخشینی پارەو پۆست و پایە و دیاری.
6 .بەکارهێنانی کەل و پەل و موڵک و ماڵ و پۆست و دامەزراوە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن.

**چوارەم: سەروەرنەبوونی یاسا:**

یەکێک لە کێشە دیارەکانی بواری دادوەری بریتییە لەوەی بەشێک لە بڕیارەکانی زۆربەی دادوەرانی دادگاکانی هەرێم سەربەخۆنین و لەسەر بنەڕەتی حزبایەتی دانراون و ئینتیمایان هەیە بۆ حزبەکەیان،[٥] حزبی دەسەڵات هەندێک لە دادگاکان بەکاردەهێنن بۆ دەرکردنی بڕیارەکان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان.

لەپەراوێزی بەکارهێنانی دادگا بۆ بەرژەوەندی حزب، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ (ohchr) بەردەوام لەراپۆرتەکانیدا ڕەخنەی توند ئاراستەی حکومەتی هەرێم دەکات و دەڵێت ئازادی ڕادەربڕین بەرتەسک بوەتەوە و ئەو ڕۆژنامەنوس و هاوڵاتیانەی لە هەرێمی کوردستان ڕەخنە لە حکومەت دەگرن ڕووبەڕوی هەڕەشە و شکاتی دادگا دەبنەوە هەتا هەندێکیان

---

[١] سامان نوح، المصدر السابق، ص ١٣٢.

[٢] بۆ زانیاری زیاتر: نەوشیروان مستەفا، کێشەی یەکێتی و پارتی، ١٩٩٥، ل ٢٠ -٣٠.

[٣] گەیلان عباس، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٥.

[٤] هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان.. هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی بەشداری، ڕاپۆرتی درەو میدیا، ڕێکەوتی سەردانکردن: ٢٠٢٥/٢/٢٢، بەردەستە لەسەر پێگەی درەو بەم بەستەرە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8226

[٥] سکالا حسین حمە امین و ئاریان رووف عزیز، مصدر صیق ذکره، ص١٨١.

ناچاردابن هەرێم بەجێبهێڵن.[١] بەهۆی ناسەروەری یاسا پارتە دەسەڵاتدارەکان بەتوندی ڕەفتار دەکەن بەرامبەر خۆپیشاندەران و دەنگە نارازییەکان. وە هێزەکانی ئاسایش دەستگیریان دەکەن بەبیانوی نەبوونی مۆڵەتی خۆپیشاندان، (دیندار زێباری) بەرپرسی پەیوەندیاکان لەگەڵ ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان دەڵێت "دەستگیرکردنەکان دەرەئەنجامی ئەوەیە خۆپیشاندەر خۆپیشاندان ڕێکدەخەن بەبێ مۆڵەت".[٢]

**پێنجەم: دوو ئیدارەیی:**

لەدوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لەساڵی (١٩٩٤)، هەرێمی کوردستان دابەشبوو بەسەر دوو زۆنی فەرمانڕەوایی، وێڕای یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم لەساڵی (٢٠٠٦)، بەڵام تا ئێستاش شێوازی فەرمانڕەوایی هەر بەشێوەی دوو ئیدارەییە. بەهۆی ململانێی بەردەوامی نێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتدار پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لەسەر دەسەڵات وێڕای بوونی ڕێکەوتنی سیاسی نێوانیان لەسەر پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ناکۆکی نێوانیان بەردەوامە و حکومەتی هەرێم ناسەقامگیر و لەژێر هەڕەشەی دوو ئیدارەیدایە.[٣] هەرکاتێک پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی تێکبچێت ترسی دوو ئیدارەیی وەک هەڕەشەیەکی بەردەوام بوونی هەیە، و هەرێمی کوردستان تائێستا یەکگرتوو نییە نە لەسەر ئاستی جوگرافیا، نە داهات و نە سەربازی.[٤] هەردوو پارت خاوەنی دەسەڵاتی کردارین لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتییان، حزب دەست دەخاتە هەموو پرسەکان لەسەر هەموو ئاستەکان، وە ئەو بڕیارانەی دەردەچن بەناوی حکومەتەوە لەبنەڕەتدا بڕیاری حزبین.[٥] (ئاری هەرسین) ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای سلیمانی و هەڵەبجەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت هەرێمی کوردستان دابەشبووە بەسەر دوو زۆنی ئیدارەدان، سەرۆکی حکومەت (مەسرور بارزانی) لە پارتی دیموکرات دەسەڵاتی نییە لە سلێمانی و ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیدان، وەجێگرەکەی (قوباد تاڵەبانی) لە یەکێتی نیشتمانی هیچ دەسەڵاتێکی نییە لەسنوری شاری هەولێر و دهۆک.[٦]

**شەشەم: میراتی دەسەڵات (التوريث السياسي):**

---

[١] تقليص متزايد لحريه التعبير فى اقليم كردستان العراق- تقرير للامم المتحدة، تأريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٢/١٤، على الرابط: https://www.ohchr.org/ar/2021/05/freedom-expression-increasingly-curtailed-kurdistan-region-iraq-un-report

[٢] سيما على مهدى، مصدر سبق ذكره، ص٥.

[٣] سكالا حسين حمه امين و ئاريان رووف عزيز، مصدر صيق ذكره، ص١٨٠.

[٤] بودجە و موچە لە هەرێمی کوردستان، دامەزراوەی میدیایی درەو، سلێمانی، ٢٠٢٤، ل ١٩٣.

[٥] د. مهدى جابر مهدى و د.امين فرج شريف: طبيعة العلاقة بين السلطتين التشريعية والتنفيذية فى النظام السياسي فى اقليم كوردستان: دراسه تحليلية، مجلة جامعة التنمية البشرية، السليمانيه، العدد (٢)، ٢٠١٢، ص٦٧.

[٦] سنور کەریم، ناکۆکیەکانی یەکێتی و پارتی پرسی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان زیندوو دەکاتەوە، بەردەستە لەسەر پێگەی دەنگی ئەمریکا، ڕێکەوتی سەردانکردن: ٢٠٢٥/٢/٢٢، بەم بەستەرە: https://www.dengiamerika.com/a/6571346.html

زۆربەی سەرکردەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان نەوەکانیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی پۆستی سیاسی وەربگرن لە ئایندەدا.[1] لە ئێستادا لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا (پاڤل تالەبانی) کوڕە گەورەی خوالێخۆش بوو (مام جلال تاڵەبانی) بووە بە سەرۆکی حزب و (قوباد تاڵەبانی) کوڕی دووەمی بووە بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و هەروەها لەناو پارتی دیموکرات (مەسرور بارزانی) کوڕی (مەسعود بارزانی) سەرۆکی حزب، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە،و (نێچیرڤان بارزانی) برازای (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمە و چەندان نمونەی تر. هەروەها بونەتە خاوەنی دەزگای ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆیانن.

لەم شەش ئاماژەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، ئەو کەموکورتیانەی فەرمانڕەویکردن لەهەرێمی کوردستان هەیە وا دەکات بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی شەرعیەتی هەبێت، و دەتوانێت ببێتە نمایندەی دەنگە نارازییەکان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و بەرهەڵستکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دەستووری عیراق ساڵی (٢٠٠٥) هەندێک میکانیزمی لەخۆگرتووە کە ڕێگەدەدات بە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان مومارەسەی کارەکانیان بکەن، هەروەها بەچەند ڕێکارێک گەرەنتی کاری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دەکات بۆ پارتە سیاسییەکان لە عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە:[2]

1. لە مادەی (١) داهاتوە "کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی سەربەخۆ خاوەنی سەربەخۆی تەواوە،و سیستمی حوکمڕانی تیایدا کۆماری پەرلەمانی دیموکراسیە". دیموکراسی واتە فرە حزبی و بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، دیموکراسی بەبێ ئۆپۆزسیۆن کامڵ نابەت.
2. لەمادەی (٦) دا هاتووە "ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەکرێت بەئاشتیانە لەڕێگەی ئامرازی دیموکراسیەوە کە لەدەستوردا ئاماژەی پێکراوە". واتە دەکرێت لەهەڵبژاردندا ئۆپۆزسیۆن زۆرینە بەدەست بهێنێت و دەسەڵات بگرێتە دەست.
3. لە مادەی (٢٠) مافی بەشداریکردن دەداتە هەموو هاوڵاتییان لە کاروباری گشتی، و چێژبینین (تمتع) لە مافە سیاسییەکان وەک مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردن و هەڵبژاردن.
4. لە مادەی (٢٢) برگەی (٣) دەوڵەت گەرەنتی مافی دروستکردنی سەندیکا و کۆمەڵە پیشەییەکان دەکات کەدادەنرێن بە یەکێک لە ئامرازەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی.
5. لە مادەی (٣٨) لە برگەی (١) داهاتووە کە تاک ئازدە لەڕا دەربڕین بەهەموو ئامرازەیک، (٣) ئازادی کۆبونەوە و خۆپیشاندانی ئاشتیانە و ڕێکخراو بە یاسا.
6. مادەی (٣٩) برگەی (١) دەڵێت " ئازادی دامەزراندنی کۆمەڵە و پارتی سیاسی،و ناچارنەکردنی هاوڵاتیان کە پەیوەندی بکەن بە کۆمەڵەیەک یان پارتێک ئەوەش کاروبارێکی گرنگە بۆ فرە حزبی و پاراستنی مافەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی.

بەوپێیەی هەرێمی کوردستان بانگەشی دیموکراسیبوون دەکات، ئەوە پێویستە وەک تەواوکاری دیموکراسی ڕێکخستنێک هەبێت مافی هەبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی گەرەنتی بکات بەڕێگەی دەستور یان یاسا و بەرجەستەی بکات بۆ دەنگی نارازی و ئەو

[1] رستم محمود، مصدر سبق ذکره، ص ٦.

[2] مادەی (١، ٦، ٢٠، ٢٢، ٣٨ و٣٩) لە دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

حزبانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتن، دانپێدانانی دەستوری بە جیاوازی و کێبڕکێ لەڕێگەی بەندە یاساییەکان، ماف دەبەخشێتە ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمان کە هەستن بە کار و چالاکیاکانیان کە پۆزەتیڤانە ڕەنگدەداتەوە لەسەر ئەدای دەسەڵاتی جێبەجێکردن. بۆیە دانپێدانانی ڕاشکاوانە بە مافی ئۆپۆزسیۆن دەبێتە گەرەنتی بنەڕەتی و چوارچێوەی یاسایی بۆ شەرعیەتی وجودیان. ئەو دانپێدانانە بە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی چەند تایبەتمەندیەک لەخۆدەگرێت کە هەبونی لەناو کۆمەڵگەدا پێویست دەکات و لەچەند لایەنێک گرنگی پێدەبەخشێت، وەک:[1]

ا. گەرەنتی ئاشتییانەی کاری سیاسی.

ب. بەرهەڵستکاری زۆرینە بە ئاشکرا.

ج. گەرەنتی مومارەسەکردنی ماف و ئازادی گشتی.

د. گەرەنتی بیرۆکەی فرەیی لەڕێگەی پێشکەشکردنی توانای نۆرەکردن.

هەروەها ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان لە چەند مادە و برگەیەکدا شەرعیەتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان چەسپاندووە، وەک لە مادەی (١) هاتووە هەرێمی کوردستان هەرێمێکە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی دیموکراسی و پابەندە بە پرنسیپی دیموکراسی، ڕونە دیموکراسی واتە فرەیی، بوونی ئۆپۆزسیۆن بەواتایەکی تر دیموکراسی بەبێ ئۆپۆزسیۆن کامڵ و تەواو نابێت. هەروەها لە مادەی (١٩) لە برگەی (١٧، ١٨) مافی داوە بە ئازادی دروستکردنی پارتی سیاسی و کۆمەڵە و هەروەها ئازادی هاوڵاتی لە هەڵبژاردنی پارتێکی سیاسی دیاریکراو.[2]

کەواتە هەموو ئەو مافانەی کە باسمانکردوە لەدەستوری (٢٠٠٥) عێراقدا ڕێگە خۆشکەرن بۆ دروستبوون و ڕێکخستن و چالاکبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، بەهەمان شێوە لە ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان (٢٠٠٩) ئاماژەی پێکراوەو هاندەربووە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

**تەوەرەی دووەم: ئامانجی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان:**

ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بۆئەوەی متمانەی هاوڵاتیان بەدەست بهێنیت دەبێت بە ئاشکرا ئامانجی بخاتەڕوو، هەروەها دروستبوونی هەموو پارتێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆن لەسەر بنەڕەتی بەدیهێنانی ئامانج و ئەو کارەی ئەنجامی دەدات هەڵدەسەنگێندرێت، ئەویش بریتیە لە گەیشتن بەدەسەڵات.

گۆڕینی دەسەڵات و گەیشتن بە دەسەڵات ئامانجی بنەڕەتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسییە بەپێی سروشتی ئەو سیستمە سیاسییەی کاری تێدا دەکات و ڕێگای جیاواز دەگرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی، ئامانجی ئۆپۆزسیۆن لەهەر شوێن و کاتێک بێت گەیشتنە بەدەسەڵات، و هیچ پارتێکی سیاسی نییە ئامانجەکانی لەپروپاگەندە بۆ بیرۆکەیەک یان بەرگریکردن لە باوەڕێکی کلتوری و کۆمەڵایەتی کورت بکاتەوە، بەڵام دەتوانێت کلتور و ئاکار و بەها ئاینییەکان بەکاربهێنێ و هەموویان بخاتە ناو پرۆژەکەیەوە.[3]

[1] د.وائل منذر البياتي، نحو اقرار دستوري للحق في المعارضة البرلمانية، مجلة المعهد، العدد (٩)، بغداد، ٢٠٢٢، ص١٠٧.

[2] ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٩.

[3] عبد الاله بلقيز، المعارضة والسلطة في الوطن العربي (ازمة المعارضة السياسية العربية)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠١، ص١٣.

هەروەها بەتەنها گەیشتن بەدەسەڵات ڕەوایەتی ناداتە ئەو سیاسەتە، بەڵکو پێویستی بە بەرنامەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوری هەیە لەپرۆژە سیاسییەکەیدا، هەر بۆیە لە کۆمەڵگەدا چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی هەمەڕەنگ هەیە و بەجیا کار بۆئەوە دەکەن پرۆژەکەیان سەربخەن.

ئامانجی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە بانگەشەیاندا بریتییە لەگۆڕانکاری لەدەسەڵات، تەنانەت کە یەکەم بزوتنەوە دروستبوو وە بەشداری هەڵبژاردنی کرد، بەناوی (بزوتنەوەی گۆڕان) دەستیان بەچالاکییەکانیان کرد، هەڵبژاردنی ناوەکە (گۆڕان) وەک ئاماژەیەک بوو بۆ گۆڕینی شێوازی حوکمڕانی و دەسەڵات.[1] واتا دەخوازن لەرێگەی هەڵبژاردنەوە بگەنە دەسەڵات و گۆڕانکاری بکەن لە شێوازی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان.

لەئێستادا کە زیاتر لە پارتێک هەیە وەک ئۆپۆزسیۆن کاروچالاکی دەکەن بەگشتی ئامانجیانە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە بگەنە دەسەڵات و ڕەخنە لە شێوازی فەرمانڕەوایی دەگرن، هەروەها بەهۆی ئەوەی هەر پارتێکی سیاسی ئایدۆلۆژیا و بەرنامەی تایبەت بەخۆیان هەیە شێوازی کارکردنیان تارادەیەک جیاوازە.

ژمارەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەڵبژاردنەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت چونکە پارتی سیاسی هەیە لەقۆناغێک بەرنامەی ئۆپۆزسیۆن هەڵدەبژێرێت لە قۆناغێکی تر دەچێتە دەسەڵاتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ئامانجەکەی. بەڵام بەگشتی بەهۆی چەندین ئاستەنگەوە سەرکەوتوو نەبوون. کە لەباسی سێیەمدا بەورتر لەسەر ئەو ئاستەنگانە دەوەستین کە هۆکارن بۆ پاشەکشێی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان.

ئێستاش کە دواین هەڵبژاردنی نیشتمانی لە ساڵی (٢٠٢٤) ئەنجامدرا، چەندین پارتی سیاسی بژاردەی ئۆپۆسیۆنیان هەڵبژاردوە، وەک: نەوەی نوێ، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی دادگەری کوردستان، ڕەوتی هەڵوێست، بەرەی گەل، بزوتنەوەی گۆڕان.

## باسی سێیەم

## پۆلێنکردنی ئالێنگارییەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە ڕابردوو و ئێستاشدا ڕووبەڕووی چەندین ئالێنگاری و بەربەست بوونەتەوە بە تایبەت لە بەرمەبنای ئەو بارودۆخە خودی و ناوخۆیی و هەرێمیانەی باڵی بەسەر پرۆسەی سیاسیدا کێشاوە. بۆیە ئێمە لەم باسەدا ئالێنگارییەکان پۆلێن دەکەین سێ ئاست بەم شێوەیەی خوارەوە:

**تەوەرەی یەکەم: ئالێنگاری خودی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان:**

ئالێنگارییە خودییەکان مەبەست لێی هەموو ئەو بابەتانەیە کە تایبەتن بە ناوخۆ و پێکهاتەی خودی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، هەر لەم پێناوشدا هەوڵمانداوە کورتییان بکەینەوە لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا:

**یەکەم: پێکهاتەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان:**

[1] دەستوری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان، ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٥/٢/٢٢، بەردەستە لەسەر پێگەی گۆڕان بەم بەستەرە: https://gorran.net/about.aspx?jimare=2

پێکهاتەیی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان جیاوازن بەڵام بەگشتی لەڕوی دامەزراوەییەوە لاوازن یان بڵێین بەهێزنین، بۆ نموونە دروست بوونی بزوتنەوەی گۆڕان وەک یەکەم پارتی ئۆپۆزسیۆن و خاوەن پێگەی بەهێز لە قۆناغی ئۆپۆزسیۆنیدا وەک بزوتنەوەیەکی جەماوەری دروست بوو بەبێ ئایدۆلۆژیەکی ڕوون، کار و چالاکیەکانی تایبەتمەندی جەماوەری زیاتر بەسەریدا زاڵە نەک دامەزراوەیی، هەروەها هەوادار و دەنگدەرانی بزوتنەوەکە بەشێوەیەکی عەفەوی لەگەڵ بزوتنەوەکە بوون نەک لەڕێگای دامەزراوەکانی. یەکێک لە ڕەهەندەکانی یەکگرتوویی پیکهاتە بریتییە لە یەکگرتوویی لە فیکر و ئیرادە و کارکردن بەڵام لە ئێستادا گۆڕان خۆی دابەش بووە بەسەر دوو بەرەدا. بەهەمان شێوە جوڵانەوەی نەوەی نوی کۆبوەتەوە لەچوارچێوەی تەنها یەک کەسدا کە ئەویش سەرۆکی حزب و دەزگای ڕاگەیاندنەکەیەتی. وە هەردوو پارتی ئیسلامی (یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی دادگەری) ڕاستە لەڕوی ئایدۆلۆژیەوە هەڵگری ئایدۆلۆژیای ئیسلامین، بەڵام لە ڕوی یەکگرتویی و دامەزراوەییەوە وەک پێویست نین. بۆیە دەبینین بەهۆی لاوازی دامەزراوەیی، بڕیاردان لە یەک کەسدا کورت بوەتەوە کەئەویش سەرۆک حزبە نەک بڕیاری بە کۆمەڵ لە ڕێگەی دامەزراوەکانەوە.

پێکهاتەی پارتی سیاسی واتە ڕێکخراوبوون و ڕێکخستن، ئەوەش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە سازدانی جەماوەر و کۆنترۆڵکردنیان، ڕاگرتنی جەماوەری گەورە بەبێ ڕێکخستن دەبێتە زیان بۆ پارتەکە بەتایبەت لەبەردەوامبوونی پشتگیری جەماوەری، هەروەها دەبێتە مایەی سەرلێشێواوی و پەرتەوازەبوونی ئەو جەماوەرە و هۆکارە بۆ پەرتبوون و لێکدابڕان لەنێوانیاندا. وەک ئەوەی بەسەر بزوتنەوەی گۆڕاندا هات.

یەکێکی تر لە کێشە جەوهەریەکان لەیەکچوونی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانە لەگەڵ پارتەکانی دەسەڵات، واتە لەڕوی پێکهاتەوە ئەوەندە لەیەک دەچن ناتوانرێت جیاوازی بکرێن، وەک بنەمای پیرۆزکردنی سەرکردەکان و بەخیزانکردنی دەسەڵاتی ناو پارتەکە لە باوکە بۆ کوڕ و ئاندامانی خێزان. هەروەها لەجیاتی بەیەخدان بە دامەزراوەیی بوون گرنگی بە خێڵ و عەشرەت دەدرێت و بەتایبەت لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا پەنای بۆدەبەن و گوتاری بنەماڵەیی و خێڵ باڵادەست دەبێت.

وەک وتەبێژی کۆمەڵی دادگەری کوردستان/ عێراق (محەمەد حەکیم) دەڵێت " ئەندامانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا بەرەیەکیان دەخوازن پارتەکەیان بە ئۆپۆزسیۆنی بمێنێتەوە، بەرەکەی تر دەخوازن بچنە ناو دەسەڵات بۆ دەستکەوتنی ئیمتیاز "[1]

**دووەم: بروانەبوون بە دەستاوەستکردنی دەسەڵات:**

پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان خۆیان بڕوایان بە گۆڕینی سەرۆکی پارتەکەیان نییە، (د.یوسف محەمەد صادق) سەرۆکی پێشوی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٤ – ٢٠١٨) لەسەر بزوتنەوەی گۆڕان دەڵێت "پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆخۆیان کێشەی شەرعیەتییان هەیە، ناتوانن سەرۆکی نوێ هەڵبژێرن بۆ پارتەکانیان.[2] هیچ پارتێکی ئۆپۆزسیۆن سەرکردەکەی بەویستی خۆی دەستی لەسەرۆکایەتی پارتەکەی هەڵنەگرتوە جگە لە یەکگرتووی ئیسلامی تەنها بۆماوەیەکی کورت سەرۆکی پارتەکەیان کورسی سەرۆکی بەجێهێشت بەڵام دوای (٤) چوار ساڵ گەڕایەوە سەر کورسی سەرۆکایەتی حزب. (م.سەلاحەدین محمەد بەهادین) لە

---

[1] چاوپێکەوتنی کەسی (محەمەد حەکیم) وتە بێژی کۆمەڵی دادگەری کوردستان/ عێراق، لەڕێکەوتی ٢٠٢٥/٣/٨.

[2] چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ (د.یوسف محەمەد صادق) سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٢/٢٥.

ڕێکەوتی (٢٠١٢/٥/١) دەستبەرداری پۆستی ئەمینداری گشتی بوو بۆ (محمەد فەرەج) تا ساڵی (٢٠١٦/٥/٢٨) پاشان بووەوە بە ئەمیندار .[١] هەروەها لەناو بزوتنەوەی گۆڕان بەهۆی وەفاتی ڕێکخەری بزوتنەوەی گۆڕان (نەوشیروان مصطفى) لە بەرواری (٢٠١٧/٥/١٩)، (عومەر سەید علی) لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٧/٢٥) بوو بە ڕێکخەری بزوتنەوەی گۆڕان.[٢] بەڵام تا ئێستا هیچ سەرۆک حزبێک وازی لە پۆستەکەی نەهێناوە.

(م. عەلی باپیر) سەرۆکی کۆمەڵی دادگەری، لە سەرەتای دروست بوونی حزب تا ئێستا بەردەوامە، (شاسوار عبدالواحد) سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ تائێستا تاکە ئەکتەری باڵای حیزبەکەیەتی.

**سێیەم: دابەش بوونی ناوخۆیی و وازهێنانی ئەندامان:**

یەکێک لە کێشە دیارەکان کە توشی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دەبێتەوە دابەش بوونی ناوخۆی پارتەکەیە بەتایبەت لەسەر ئاستی فراکسیۆنی پەرلەمانی یان وازهێنانی ئەندامەکەیە لەو پارتەی کە نوێنەرایەتی کردووە، نەوەی نوێ هەر لە خولی یەکەمی تەمەنی پەرلەمانی خۆی فراکسیۆنەکە بوو بە دوو بەشەوە، (عەلی حمە صالح) سەرۆکی فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان جیابوونەوە لە بزوتنەوەکە و ئێستا بەپرسی ڕەوتێکی نوێیە بەناوی (ڕەوتی هەڵوێست) بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی (٢٠٢٤) کرد. توانی لەو هەڵبژاردنە (٤) کورسی بەدەست بهێنێت.[٣] هەروەها لە خولی شەشەمی پەرلەمان فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری توشی دابەشبوون بوون و لەهەمان کاتدا بڕیاریان دا بەدورخستنەوەی یەکێک لە ئەندام پەرلەمانەکەی بەناوی (هێرۆ عطار) لە حزب.[٤]

**چوارەم: کێشە و گرفتی دارایی:**

پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بەهۆی کێشەی دارایی توشی زۆر ئاستەنگ بونەتەوە، بۆ نموونە، ناتوانن وەک پێویست موچە بۆ ئەندامانیان دابین بکەن، ناتوانن چانسی کار بڕەخسێنن بۆ ئەندامەکانیان، ناتوانن پرۆژە و چالاکی ئەنجام بدەن وەک پێویست، بودجەیان لەبەردەست نییە تەنانەت بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردن بکەن، چونکە دابەشکردنی داهات لە هەرێمی کوردستان لە نێوان پارتەکانی دەسەڵات و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دادپەروەرانە نییە و پارتەکانی دەسەڵات دەستیان گرتووە بەسەر هەموو سەرچاوەکانی داهاتدا.

---

[١] محمەد ڕزگار، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ڕێکەوتی سەردانکردن:٢٠٢٥/٣/١٤، لەسەر پێگەی زانیاری بەم بەستەرە: https://zaniary.com/blog/5d51ec6236978

[٢] عومەر سەید عەلی، ڕێکەوتی سەردانکردن:٢٠٢٥/٣/١٤، لەسەر پێگەی گۆڕان بەردەستە بەم بەستەرە: https://gorran.net/about.aspx?jimare=15

[٣] فراکسوێنەکانی خولی شەشەم، ڕێکەوتی سەردانکردن: ٢٠٢٥/٣/١٤، پێگەی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر پێگەی پەرلەمان بەم بەستەرە: https://www.parliament.krd/mps/parties-term6/

[٤] ڕاگەیاندراوێک لە کۆمەڵی دادگەری کوردستان، ڕێکەوتی سەردانکردن: ٢٠٢٥/٣/١٥، پەڕەی فەرمی کۆمەڵی دادگەری بەم بەستەرە: https://www.facebook.com/komall2001/?locale=ku_TR

(ئەبوبەکر هەڵەدنی) ئەندام پەرلەمانی پێشوو لەسەر فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت "یەکگرتوو لەخولی سێیەمی پەرلەمان خاوەنی (٩) نۆ کورسی پەرلەمانی بوو (٤٥٠) ملیۆن دینار بودجەی بۆتەرخان کرابوو بەڵام حزبی شیوعی لەبەرئەوەی هاوپەیمانی پارتی دەسەڵات بوو بە (١) یەک کورسی پەرلەمانی (٥٥٠) ملیۆن دیناری هەبوو لە بودجەی هەرێمی کوردستان".[١]

**پێنجەم: نەبونی پشوو درێژی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان:**

پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان توانای بەردەوامبوون و خۆڕاگرتنیان وەک ئۆپۆزسیۆن نییە تا درێژە بەکاری ئۆپۆزسیۆن بدەن، بەڵکۆ دوای خولێکی پەرلەمانی دەچنە دانوستان لەگەڵ پارتەکانی دەسەڵات بۆئەوەی بەشداری دەسەڵات بکەن. وەک ئەوەی هەرسێ پارتی ئۆپۆزسیۆن (بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوی ئیسلامی، کۆمەڵی دادگەری) لە کابینەی (٧) چونە دەسەڵاتەوە. (ئەبوبەکر هەڵەدنی) ئاماژە بەمە دەکات و دەڵێت "پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان پشوو درێژنین و پییان وایە بەچوونە دەسەڵاتەوە لەماوەی (٤) چوار ساڵی دەسەڵات دەتوانن چاکسازی ئەنجام بدەن و ڕێڕەوی حوکمڕانی بگۆڕن".[٢]

**شەشەم: ڕەچاوکردنی دۆخی کوردستان:**

پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بەردەوام ڕەچاوی دۆخی کوردستان دەکەن و دۆخی کوردستانیان پێ کامڵ نیە و هەمیشە مەترسی هەیە لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان، چونکە پەیوەندی وڵاتانی هەرێمی تەندروست نەبووە لەگەڵ قەوارەی هەرێمی کوردستان. (ئەبوبەکر هەڵەدنی) دەڵێت "پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان هەمیشە ڕیعایەتی دۆخی کوردستان دەکەن و دەترسن چالاکیەکانیان بچێتە سود و قازانجی وڵاتانی هەرێمی.[٣]

**تەوەرەی دووەم: ئاڵێنگاری پەیوەست بە پەیوەندی نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان:**

لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئاماژە بدەین بە پەیوەندی نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، ئەوەش بە دوو قۆناغ، لە قۆناغی یەکەم (٢٠٠٩-٢٠١٣)، کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی باشترین کاتەکانی بەڕێدەکرد لە کار و چالاکی، هەروەها چاودێرێکی باش و کارابوون بەسەر بڕیار و کارەکانی حکومەت، لەم قۆناغەدا پەیوەندیەکی بەهێز هەبوو لەنێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان. (د.ڕێواس فایەق) سەرۆکی پێشووی پەرلەمان لەسەر لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەڵێت "ئۆپۆزسیۆن ئەوەندە بەهێزبوون بەباشترین قۆناغی حوکمڕانی دەزانم بەشێوەیەک پارتی دەسەڵات هەوڵی دەدا زۆرترین پرۆژەی هەبێت لە بەرامبەر پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، حکومەت هەوڵی دەدا زۆرترین پرۆژە ئەنجام بدات بۆ ئەوەی لە کاریگەری پرۆژەی ئۆپۆزسیۆن کەم بکەنەوە".[٤] هەروەها لەم قۆناغەدا لیژنەی هاوبەش پێکهێنرابوو لە نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان. بەشێوەیەک کە (محەمەد حەکیم) دەڵێت " ئەوەندە بە هاوبەشی کارمان دەکرد کۆمەڵی دادگەری بەچەند کورسەکی کەمی پەرلەمانییەوە هەستی بە جیاوازی نەدەکرد لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان کە خاوەنی (٢٤) کورسی پەرلەمانی بوو"[٥]

[١] چاوپێکەوتنی کەسی (ئەبوبەکر هەڵەدنی) ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لەڕێکەوتی ٢٠٢٥/٣/٨.

[٢] هەمان سەرچاوە.

[٣] هەمان سەرچاوە.

[٤] چاوپێکەوتنی کەسی (د.ڕێواس فایەق) سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٢/٢٦.

[٥] چاوپێکەوتنی کەسی (محەمەد حەکیم)، سەرچاوەی پێشوو.

قۆناغی دووەم (٢٠١٤- تائێستا)، دادەنرێت بە قۆناغی پاشەکشێی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ئەم قۆناغە دەستپێدەکات لەگەڵ چوونی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆناو دەسەڵات، بەوەش چیتر ئەو پارتانە جێگەی متمانەی دەنگی ناڕازی نین، دەرەنجام ئامانجی گۆڕینی دەسەڵات لەباربرا، و بووە هۆی بچوکبونەوەی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان، تەنانەت ژمارەی کورسیەکانیان لە خولی سێیەم کە (٤٠) کورسی بوو کەمیکرد بۆ (٣٢) کورسی لە خولی پێنجەم.[١] (عەلی حمە صالّح) ئەندام پەرلەمانی پێشووی بزوتنەوەی گۆڕان و سەرۆکی ڕەوتی هەڵوێست لە ئێستادا، دەڵێت: "بەڵێ لە ئێستادا ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە پاشەکشێدایە و تەنانەت نازانرێت کێ ئۆپۆزسیۆنە و کێ ئۆپۆزسیۆن نیە، هەیە تەنها بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆی کاردەکات، وە خەڵک نائومێد بووە لە ئۆپۆزسیۆن"[٢] بەڵام لە وەڵامی ئەوپرسیارەی کە دەڵێت بۆ چی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان ئامانجیان لە گۆڕینی دەسەڵاتەوە گۆڕدرا بۆ چاکسازی لە حوکمڕانی؟، (د. یوسف محەمەد صادق) پێی وایە "دۆخ و واقعی کوردستان ئۆپۆزسیۆنی ناچارکرد بچنە دەسەڵاتەوە".[٣] لە کاتێکدا (م. ئەبوبەکر کاروانی) پێی وایە "هەرێمی کوردستان لە دۆخێکدایە ناتوانرێت هەوڵی گۆڕینی بدەیت بەهۆی دوو ئیدارەییەوە، نەبوونی هێزی نیشتمانی بەڵکو هێزەکان سەر بە پارتەکانی دەسەڵاتن"، وە دەڵێت "هیچ کاتێک یەکگرتووی ئیسلامی ئیشی بۆ گۆڕین نەکردوە بەڵک تەنها چاکسازی ئامانجی بووە".[٤]

زۆر هۆکار هەیە بۆ پاشەکشێی ئۆپۆزسیۆن سیاسی، بەتایبەت پەیوەندی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، (د.ڕێواس فایەق) دەڵێت "پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان پرۆژەی هاوبەشیان نییە، ئایدۆلۆژیا و ڕوئیایان جیاوازە، تەنانەت پارتە ئیسلامیەکان ناتوانن کاری پێکەوەیی بکەن".[٥] لە ئێستادا پەیوەندی نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لە دۆخێکی باشدا نییە، بەڵکو پەرتەوازەیی هەیە، ئەجێندا و ڕوئیای هەوبەش نییە، (م.محەمەد حەکیم) دەڵێت "هیچ کۆدەنگیەک نییە لەنێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، پارت هەیە دەیەوێت بۆخۆی کاربکات، نەوەی نوێ خۆی دوور دەگرێت و تەنانەت لێدوانی دژ بە پارتەکانی تر دەدات، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تر تاوانبار دەکات بە هاودەستی پارتەکانی دەسەڵات".[٦] پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لەبارێکی شڵەژاو بێ بەرنامەیدان، بەشێکیان ئەوەندە بێئاگان لە کاری ئۆپۆزسیۆنی و ستراتیژ و دەسەڵات، لە ڕێگای میدیاکانیانەوە، خەریکی چەواشەکاری و پەرتکردنی هەر جۆرە نارەزایەتی و خۆپیشاندانێکن کە لەلایەن هاوڵاتییانەوە خۆڕسکانە ڕێک دەخرێت، کەلە بنەڕەتدا ڕێکخستن و پلانی ئەو کارە دەبوو ئۆپۆزسیۆن ئەنجامی بدایە.[٧] (شێرکۆ کرمانج) دەڵێت "بەهۆی نەبوونی وتاری نیشتمانی و بەرنامەی دورمەودا، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان

---

[١] فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان، پێگەی پەرلەمانی کوردستان، ڕێکەوتی سەردانکردن: ٢٠٢٥/٣/١٤، بەردەستە بەم بەستەرە: https://www.parliament.krd/mps/parties-term-5/

[٢] چاوپێکەوتنی کەسی (عەلی حمە صالّح)، ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی ڕەوتی هەڵوێست، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٣/١٢.

[٣] چاوپێکەوتنی کەسی (د.یوسف محەمەد صادق)، سەرچاوەی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتنی کەسی (م.ئەبوبەکر کاروانی)، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٢/٢٨،.

[٥] چاوپێکەوتنی کەسی (د.ڕێواس فایەق)، سەرچاوەی پێشوو.

[٦] چاوپێکەوتنی کەسی (م.محەمەد حەکیم). سەرچاوەی پێشوو.

[٧] ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان پایەکانی دەسەڵات پتەو دەکات، ناوەندی هەواڵ، لەسەر پێگەی ئیرادە میدیا، ڕێکەوتی سەردانکردن: ٢٠٢٥/٢/١٠، بەم بەستەرە: https://erada.media/news.aspx?id=2370&mapid=6

نەیانتوانیوە ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە دەسەڵاتی سیاسی دروستیکردووە، بۆیە ناتوانن ببنە جێگەی ئومێدی هاوڵاتیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە بەردەوامەکانیان".[١]

**تەوەرەی سێیەم: ئاڵینگارییەکانی دەسەڵاتی سیاسی:**

ئەم ئاستەنگانە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لەگەڵ حکومەت لەلایەک و پارتەکانی دەسەڵات لەلایەکی تر، بەهۆی ئەو دۆخەی کەهەیە لە کوردستان پەیوەندییەکە تەندروست نییە، چونکە لە کوردستان هێشتا دەستور بوونی نییە تا پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دیاریبکات، حوکمڕانی دیموکراسی کامڵ نەبووە، هەرێم دابەش بووە بۆ دوو زۆن، دوو ئیدارەیی، و هێزێکی چەکداری نیشتمانی بوونی نیە.

لەم بارەیەوە، (د.یوسف محەمەد صادق) پێی وایە "ئەو دیموکراسیەی لە هەرێمی کوردستان هەیە دیموکراسیەکی تەندروست نییە، خاوەنی دەستورنین، هێشتا لە قۆناغی دوو ئیدارەی و دوو زۆنیداین و پارتەکانی دەسەڵات دەستیان گرتووە بەسەر هێزە چەکدارەکان و هێزێکی یەکگرتووی نیشتیمانیمان نییە، هەروەها ململانێی نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و دەسەڵات نە ئازادە و نە دادپەروەرانەیە، ئازاد نیە چونکە بەردەوام لەژێر هەڕەشەی نان بڕین و سزای گواستنەوە و دورخستنەوە و فەصلکردندان، دادپەروەرانە نیە چونکە هەموو سەرچاوەکانی دارایی لە خزمەت دەسەڵاتدایە، و دامودەزگاکانی حکومەت بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن، و کۆنترۆڵی هێزە سەربازییەکانیان لەدەستدایە و دەتوانن بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریانبهێنن".[٢] لەم ڕوانگەیەوە (م. ئەبەبەکر کاروانی) جەخت دەکاتە سەر دۆخی هەرێم کە دۆخێکی تایبەتە و دیموکراسی تێیدا ناتەندروستە و شکلیە، دەڵێت " هەرێمی کوردستان هێشتا دوو زۆنە، هێزەکان نیشتمانی نین، میلیشیا هەیە، هەموو جومگەکانی حوکمڕانی لەلایەن پارتی دەسەڵاتەوە قۆرخکراوە لە دارایی و ڕاگەیاندن و دادوەری بۆ هەموو دامەزراوەکانی تریش تەنانەت ئەگەر ئۆپۆزسیۆن هەڵبژاردنیش بباتەوە ناتوانێت دەسەڵات بگرێتە دەست".[٣] هەروەک چۆن (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی هەرێم لە دانشتنێکدا بە (سەلاحەدین بەهادین) ئەمینداری یەکگرتوو دەڵێت "ئەگەر ئۆپۆزسیۆن (٧٠) حەفتا کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت دەبێت سوپاسگوزاربێت بۆ ئەوەی لەگەڵ پارتی و یەکێتی دابنیشیت".[٤] هەروەها پارتەکانی دەسەڵات توانیویانە لە ڕێگەی پەیوەندی شەخصی کاریگەریان هەبێت لەسەر پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، (د.ڕێواس فایەق) دەڵێت" پارتەکانی دەسەڵات دەتوانن کاریگەری لەسەر پارتی ئۆپۆزسیۆن دروست بکەن و لەیەکیان دابڕن".[٥]

تایبەت بە دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکە، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان پێیان وایە کە دەوڵەتانی دراوسێ زیاتر هاوکاری پارتی دەسەڵات دەکات، (محەمەد حەکیم) دەڵێت" هەموو پارتێک پەیوەندی هەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بەڵام ئەوان زیاتر پشتگیری

---

[١] ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان پایەکانی دەسەڵات پتە و دەکات، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٢] د.یوسف محەمەد صادق، سەرچاوەی پێشوو.

[٣] م.ئەبوبەکر کاروانی، سەرچاوەی پێشوو.

[٤] م.ئەبوبەکر هەڵەدنی، سەرچاوەی پێشوو.

[٥] د.ڕێواس فایەق، سەرچاوەی پێشوو.

پارتی دەسەڵات دەکەن بۆئەوەی دۆخی هەرێم گۆڕانکاری بەسەر نەیەت".[١] بەهەمان شێوە (ئەبوبەکر هەڵەدنی) دەڵێت وڵاتانی دراوسێ زەختیان کردووە بۆئەوەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بچنەدەسەڵاتەوە و هەموو جار تورکیا توصیەی یەکگرتووی ئیسلامی کردووە بچنە ناو دەسەڵات".[٢] بۆیە دەتوانین لەم ڕوانگەیەوە تێبینی ئەوەبکەین کە هێشتا دەستور و یاسایەک نییە پەیوەندی و کاری ئۆپۆزسیۆنی ڕێکبخات، پارتی دەسەڵات داستیگرتووە بەسەر هەموو جومگە و دامەزراوەکان و بەئاسانی دەتوانێت لە بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بێنێت، هێزی چەکدار نیشتمانی نییە بەڵکو سەر بە پارتەکانی دەسەڵاتن (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) .

**دەرەنجام**

دوابەدوای لێکۆڵینەوەمان لە بابەتی (ئالێنگارییەکانی بەردەم ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پاش ٢٠٠٥) و هەوڵدان بۆ گەیشتن بەڕاستییەکانی ئەم پرسە گەیشتینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

1. دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە هەناوی ژینگەیەکی ئاڵۆز و ناسروشتی بەدەرکەوتووە کە ئەمەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەستوور و یاسای تایبەت بە ماف و کار و چالاکییەکانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، هەربۆیە ئەم پارتانە لە مامەڵەیان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا بەردەوام ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە لەهەر چالاکییەکدا بە ئەنجامی دەگەیەنن.
2. هەرێمی کوردستان لە ساتەوەختی دروستبوونییەوە لەپاش ساڵی (١٩٩١) و دواتریش بەدەستهێنانی دانپێدانان وەک هەرێمێکی فیدراڵ لە دەستووری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥)، لە ڕووی واقعییەوە ئەم هەرێمە دابەشبووە بەسەر دوو هێزی دەسەڵاتداردا کە قۆرخی دارایی و هێزی پێشمەرگەیان کردووە و ناوچەی هەژموونی تایبەت بەخۆیان هەیە و توانای بوونیان بە ئۆپۆزسیۆن و کلتوری دەستاودەست کردنی دەسەڵات بوونی نییە، لەبەرئەمە پارتەکانی تری هەرێمی کوردستان ناتوانن ببنە هێزی یەکەم و دەسەڵات بگرنە دەست، لەبری ئەوەی دەسەڵات بگۆڕن هەوڵی بەشداری یان چاکسازی لە دەسەڵاتدا دەدەن. ئەمەش یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئامانجی پارتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە سیستمی دیموکراتیدا.
3. بێجگە لە دەرەنجامی پێشوو؛ لە هەرێمی کوردستاندا بەربڵاوی گەندەڵی و دەستاودەست نەکردنی دەسەڵات و ساختەکردن لە هەڵبژاردنەکان و سەروەرنەبوونی یاسا و دوو ئیدارەیی و تەوریسی سیاسی لە گرنگترین ئەو پاڵنەرانەن کە بوونەتە هۆکاری بەدەرکەوتنی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و شەرعیەتدان پێیان، و بوون و بانگەشەی خۆیان بەستۆتەوە بەم هۆکارانەوە.
4. یەکێک لە گرنگترین ئاڵێنگارییەکانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان ئەو فاکتەرانەن کە پەیوەستە بەخودی ئەم پارتانەوە، لە ڕوی پێکهاتەوە لە ناوەرۆکدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ پارتە دەسەڵاتدارەکاندا (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)دا نییە، لە ناوخۆی خۆیاندا باوەڕیان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات نییە و پارتەکان هاوتان بە کەسی یەکەم. بەهێزی کەسی یەکەم پارتەکەی بەهێز پیشاندەدات و لاوازبوونی یان بەکۆچی دوایی خۆی پارکەشی توشی لاوازی یان لە ناوچوون دەبێت.

[١] م.محەمەد حەکیم، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] م.ئەبوبەکر هەڵەدنی، سەرچاوەی پێشوو.

5. ناکۆکی و نەبوونی یەک وتاری پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دەرهەق بە دەسەڵاتی سیاسی خاڵێکی تری لاوازی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، ئەوەندی سەرقاڵی ململانێی یەکترن هەر ئەوەندەش هەوڵی گرتنە دەستی دەسەڵات یان چاکسازی دەدەن.
6. ئاڵێنگارییەکی تر ئەوەیە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان پێکهاتەیەکی لاوازیان هەیە و توانای بەردەوامیان نییە، چ لە ڕووی پشوودرێژی پارتەکەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی یاخود بەردەوامی ئەندامەکانی بێت لە هەمان پارتدا بەهۆی نەبوونی ئیمتیازەوە، ئەمەش وادەکات لە ماوەی چەندساڵێکدا پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز دەربکەوێت بەڵام بەزوویی لاوازببێت و پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی تر جێگەی بگرێتەوە.
7. پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دەناڵێنن بەدەست دابەشبوونی ناوخۆیی و وازهێنانی ئەندامەکانییان جا بەهۆی نەبوونی دیدێکی ڕونبێت لەم پارتاندا یاخود ئەو ئیمتیاز و بەرژەوەندییانەوەبێت کە دەسەڵات پێیان دەبەخشێت.
8. سەرەڕای هەموو ئەمانە پەیوەندی نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و دەسەڵات پەیوەندییەکی ناتەندروستە، ئەوکاتەی ئەم پارتانە بەشداری حکومەت ناکەن یا خود دژ دەبن بە ویستەکانی دەسەڵات؛ دەبنە جێگەی فشار و سزادانی سیاسی، بە پێچەوانەوە کە بەشداری حکومەت دەکەن یان لە پرسێکدا هاودەنگی دەسەڵاتن ئیمتیاز و پلە و پۆستیان دەدرێتێ.
9. بەگشتی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان هەروەک پارتە دەسەڵاتدارەکان وابەستەی دەوڵەتانی هەرێمین و پیوەندیان لەگەڵیان بەهێزە، وە لەبەرئەوەی دەوڵەتانی هەرێمی ویست و ئامانجەکانیان لە ڕێگەی پارتەکلانی دەسەڵاتەوە بەدەست دەخەن، نابنە پشتیوان و دژن بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو هانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دەدەن بەشداربن لە دەسەڵاتدا بکەن نەک هەوڵی گۆڕینی بدەن.

لەکۆی هەموو ئەوەی ئاماژەمان پێداوە، دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بارودۆخێکی تایبەتی هەیە بەهۆی ئەو ئاڵێنگارییانەی ڕوبەڕووی بوونەتەوە لە ئاستی خودی و پەیوەندی نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و کاریگەری دەسەڵات لەسەریان، هەر ئەمەشە وادەکات ئەگەری گرتنەدەستی دەسەڵات، یاخود ئەو ئامانجانەی بانگەشەی بۆدەکەن لە چاکسازی ئەگەرێکی لاوازبێت.

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم: دەستور:**

1. دەستوری هەمیشیی عیراق (٢٠٠٥).
2. ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان (٢٠٠٩).

**دووەم: کتێب:**

1. اسماعيل الشطي، فى مناقشة المعارضة والسلطة فى الوطن العربى، ازمة المعارضة السياسية العربية، تحرير: عبدالاله بلقزيز، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠١.
2. رستم محمود، آفاق المعارضة فى اقليم كردستان العراق، صلابة البنى التقليدية ورهان تفكيك"المناطقية"، سلسلة تقدم حالة، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، ٢٠١١.

٣. رشيد عماره الزيدى و د.يوسف محمد صادق، المعارضة السياسية فى اقليم كردستان–العراق (النشاه والمستقبل)، مركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، ٢٠١٢.
٤. د.طه عمر رشيد، الاساس القانوني لحق المعارضة السياسية – العراق نموذجا، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠١.
5. عبد الاله بلقيز، المعارضة والسلطة فى الوطن العربي (ازمة المعارضة السياسية العربية)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠١.
٦. گەیلان عباس، گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان (پێناس وفۆرم و شێواز، لێکەوتەو چارەسەر)، بڵاوکراوەی ژوری توێژینەوەکان: سیاسی، ئابوری، ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٢١.
٧. محمەد هەریری، گەندەڵستان ( چیرۆکی ئەزمونێکی تێکشکاو لە باشوری کوردستان دا)، چاپی ئەلیکترۆنی، ٢٠١٨.
٨. نەوشیروان مستەفا، کێشەی یەکێتی و پارتی، ١٩٩٥.
٩. نيفين عبدالخالق مصطفى، المعارضة فى الفكر السياسي الاسلامي، مكتبه الملک فيصل الاسلاميه، قاهرة، ١٩٨٥.

<u>**سێیەم: توێژینەوەکان:**</u>

10. بودجە و موچە لە هەرێمی کوردستان، دامەزراوەی میدیایی درەو، سلێمانی، ٢٠٢٤.
11. د.حافظ علوان حمادي، المعارضة السياسية دراسة تحليلية لشروطها ووظائفها، مجلة جيهان العلمية، السليمانية، المجلد (٢) العدد (١)، ٢٠١٨.
12. خميس دهام حميد، المعارضة فى اقليم كردستان– العراق ودورها فى ترسيخ الديمقراطية، مجلة الدراسات الدولية، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، العدد ٥٧، ٢٠١٤.
13. رستم محمود، آفاق المعارضة فى اقليم كردستان العراق، صلابة البنى التقليدية ورهان تفكيک"المناطقية"، سلسلة تقدم حالة، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، ٢٠١١.
14. سامان نوح، المعارضة البرلمانية لا وجود لها فى حسابات القوى الكردية، مجلة الرواق، بغداد، العدد (٧) ٢٠٢٢.
15. د.سردار قادر محي الدين و فرهاد جلال مصطفى، بنية الفرصة السياسية فى اقليم كوردستان العراق دراسة احتجاجات الشعبية خلال ٢٠٠٣–٢٠١٢، مجله الدراسات السياسية والامنية، السليمانية، المجلد (٤) العدد (٨)، ٢٠٢١.
16. سيما على مهدى، احتجاجات اقليم كوردستان: اسبابها ودواعيها، تقرير لمركز رواق بغداد للسياسات العامه، بغداد، ٢٠٢٠.
17. سكالا حسين حمه امين و ئاريان رووف عزيز، النظام السياسى الهجين: دراسة حالة اقليم كوردستان العراق، مجلة جامعة گرميان، السليمانية، العدد ٨، ٢٠٢١.
18. د.شاكر عبدالكريم فاضل، غياب المعارضة البرلمانية واشكالية الديمقراطية التوافقية فى العراق، مجلة العلوم القانونية والسياسية، كلية القانون والعلوم السياسية، جامعة ديالى، ديالى، العدد(٢)، ٢٠١٣.

19. د. مهدى جابر مهدى و د.امين فرج شريف: طبيعة العلاقة بين السلطتين التشريعية والتنفيذية فى النظام السياسي فى اقليم كوردستان: دراسه تحليلية، مجلة جامعة التنمية البشرية، السليمانية، العدد(٢)، ٢٠١٢.
20. ناصر كاظم خلف، المعارضة السياسية فى العراق (١٩٢٥-٢٠١٨)، مجلة تحولات، جامعة ورقله، الجزائر، المجلد (٢) العدد (١)، ٢٠١٩.
21. د.وائل منذر البياتى، نحو اقرار دستوري للحق فى المعارضة البرلمانية، مجلة المعهد، العدد (٩)، بغداد، ٢٠٢٢.

**چوارەم: سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

22. ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان پایەکانی دەسەڵات پتەو دەکات، لەسەر پێگەی ئیرادە میدیا، بەم بەستەرە: https://erada.media/news.aspx?id=2370&mapid=6
23. بوتاقی طارق، مركز المعارضه فى النظام السياسى والدستورى المغربى على ضوء دستور ٢٠١١، مجلة المنارة للدراسات القانونية و السياسية، https://n9.cl/hvzkl
24. دەستوری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان، ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٥/٢/٢٢، بەردەستە لەسەر پێگەی گۆڕان بەم بەستەرە: https://gorran.net/about.aspx?jimare=2
25. ڕاگەیاندراوێک لە کۆمەڵی دادگەری کوردستان، پەڕەی فەرمی کۆمەڵی دادگەری بەم بەستەرە: https://www.facebook.com/komall2001/?locale=ku_TR
26. درهم محسن احمد، دور المعارضة اليمنية فى الاستقرار السياسى ٢٠٠٣-٢٠٠٨ (احزاب اللقا المشترک: دراسه حالة)، رسالة ماجستر منشورة، معهد بيت الحكمة، ٢٠٠٩، على الرابط الالكترونى: https://www.manaraa.com/BooksCategory/346/2/31
27. تقليص متزايد لحريه التعبير فى اقليم كردستان العراق- تقرير للامم المتحدة، على الرابط: https://www.ohchr.org/ar/2021/05/freedom-expression-increasingly-curtailed-kurdistan-region-iraq-un-report
28. سنور کەریم، ناکۆکیەکانی یەکێتی و پارتی پرسی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان زیندوو دەکاتەوە، بەردەستە لەسەر پێگەی دەنگی ئەمریکا، بەم بەستەرە: https://www.dengiamerika.com/a/6571346.html
29. عومەر سەید عەلی، ڕێکەوتی سەردانکردن:٢٠٢٥/٣/١٤، لەسەر پێگەی گۆڕان بەردەستە بەم بەستەرە: https://gorran.net/about.aspx?jimare=15
30. فراکسوینەکانی خولی شەشەم، پێگەی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر پێگەی پەرلەمان بەم بەستەرە: https://www.parliament.krd/mps/parties-term6/
31. مێژووی هەڵبژاردن، بەردەستە لەسەر پێگەی پەرلەمانی کوردستان، بەم بەستەرە: https://www.parliament.krd/about-parliament/history-of-parliament/

32. مێژووی هەڵبژاردنی خولی دووەم بەردەستە لەسەر پێگەی پەرلەمانی کوردستان بەم بەستەرە: /https://www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/term-2

33. محمەد ڕزگار، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لەسەر پێگەی زانیاری بەم بەستەرە: https://zaniary.com/blog/5d51ec6236978

34. هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان.. هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی بەشداری، ڕاپۆرتی درەو میدیا، بەردەستە بەم بەستەرە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8226

**پێنجەم: چاوپێکەوتن:**

1. م.ئەبوبەکر کاروانی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٢/٢٨.
2. ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لەڕێکەوتی ٢٠٢٥/٣/٨.
3. د.ڕێواس فایەق، سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٢/٢٦.
4. محەمەد حەکیم، وتەبێژی کۆمەڵی دادگەری کوردستان/ عێراق، لەڕێکەوتی ٢٠٢٥/٣/٨.
5. عەلی حمە صاڵح، ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی ڕەوتی هەڵوێست، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٣/١٢.
6. د.یوسف محەمەد صادق، سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٢/٢٥.